خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5728) پێنج شەممە 11ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکوەزیرانی لوبنان وەڵامی پیرۆزبایینامەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەداتەوە

ئێمە وەکو حکوومەت و گەلی لوبنان هەوڵدەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەهێزتر بکەین

پاش هەڵبژاردنی سەعد حەریری، سەرۆکی ڕەوتی موستەقبەل وەک سەرۆکوەزیرانی لوبنان، پارتی دیموکراتی کوردستان، نووسراوێکی ئاڕاستەکردن و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی پێشەوەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی لوبنان خواست.

سەعد حەریری، وەڵامی نووسراوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەداتەوە و دەڵێت: بەخۆشحاڵییەوە نامەی پیرۆزبایی پارتە بەڕێزەکەتان "پارتی دیموکراتی کوردستان"م پێگەیشت و سوپاسی هەستی برایانەتان بەرانبەر بە گەل و حکوومەتی لوبنان دەکەم. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی سەعد حەریری هاتووە: ئێمە وەکو حکوومەت و گەلی لوبنان هەوڵ دەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانین بەرژەوەندییەکانی هەردوولا لە هەموو بوارکاندا فراوان و مسۆگەر بکەین.



سەرۆکوەزیرانی لوبنان لە نامەکەیدا کە ئاڕاستەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە باسی لە پەیوەندی مێژوویی و گرنگی هەردوولا کردووە و ڕایەگەیەنێت: لە یەزدانی مەزن داواکارم لە هەوڵەکانتان سەرکەوتووتان بکات کە ئامانج لێی پرۆسەی بەدەستهێنانی ئارامی و خۆشگوزەرانییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

مەحموود محەمەد: پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی نەداوە



3

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایەگەیەنێت، لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتوون کە هەر سێ پرسی بەغدا و کەرکووک و هەرێم لێک جیا بکەنەوە و لە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمیش، شاندێک ڕەوانەی بەغدا دەکرێت تا لەسەر پرسی ئاسایکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک گفتوگۆ بکرێت. سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایەگەیەنێت کە پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی نەداوە و تا ئێستاش هیچ بڕیارێکیان نەداوە بەوەی بایکۆتی دەکەن یان بەشداری دەکەن.

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە، ڕێگرتنە لە ڕوودانی سەرپێچی و گەندەڵی

5



2

ڤاڵا فەرید: مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەستەبەرکراوە

بڕیاری خەرجکردنی مووچەی پێشمەرگە لە بەغداوە درا

پارەکە لە لایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت



ناسر هەرکی ئاشکرای کرد کە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە بڕیاری خەرجکردنی مووچەی پێشمەرگە دراوە و دوێنێ چوارشەممەش 10ی نیسانی 2019 وەزارەتی بەرگریی عێراق نووسراوێکی بۆ وەزارەتی دارایی عێراق کردووە تا بڕە پارەی تایبەت بە مووچەی پێشمەرگە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە.

ناسر هەرکی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ خەبات ڕایگەیاند: وەزارەتی پێشمەرگە ژمارەی بانکییان نییە، تاوەکو وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەو هۆیەوە دوێنێ چوارشەممە 10ی نیسانی 2019، وەزارەتی بەرگریی عێراق نووسراوێکی بۆ وەزارەتی دارایی عێراق کردووە، تاوەکو بڕە پارەی تایبەت بە مووچەی پێشمەرگە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە و لەگەڵ پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان هاوپێچ بکرێت. تەئکیدیشی کردەوە کە بڕی پارەکە 68 ملیار دینارە و تایبەتە بە مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. بەپێی یاسای بودجەی 2019ی عێراق، حکوومەتی عێراق جگە لە مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، پابەند کراوە بە ناردنی بڕی 68 ملیار دیناری مانگانە، وەکوو مووچەی بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.



نەجمەدین کەریم: عەقڵییەتی حوکمی مەرکەزی و سەربازی لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی هەمان چارەنوسی بەعس دەبێتەوە

خەبات: نەجمەدین کەریم پارێزگاری شەرعی کەرکووک لە ساڵیادی ئازادکردنی کەرکووک ڕایگەیاند: ئازادکردنی شاری کەرکووک، وەرچەرخانێکی مێژوویی و دەرفەتێکی زێڕینی بە پێکهاتەکانی کەرکووک بەخشی تا قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی تەندروست و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دوور لە دەمارگیری نەتەوایەتی و ئایینی دەست پێبکەن.

نەجمەدین کەریم لە پەیامێکدا کە بەو بۆنەیەوە بڵاویکردەوە، ڕاشیگەیاند: ئەم پرۆسەیە کە بە هەوڵ و خەباتی چەند ساڵەی کەرکووکییەکان و لە نێویشیاندا بە تایبەتی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاتە ئەنجام، بەڵام بەهۆی عەقڵییەتی شۆڤێنییانەی دەسەڵاتدارانی عێراق لە دوای 2003 نەتواندرا ئەم دەرفەتە بقۆزرێتەوە بۆ فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و سەروەریی یاسا و ژیانێکی مەدەنییەت بۆ دانیشتووانی شارەکەمان. هەروەها گوتیشی: هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دوای پرۆسەی ئازادکرنی کەرکووک، دروستکردنی ئاستەنگ بۆ چارەسەری کێشەکان دەستپێکرد.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

یادی 28 ساڵەی داستانی پڕسەروەریی کۆڕێ لە بیرەوەریی بەشداربووانیدا

(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)

هەولێر... نەشتەرگەرییەکی ناوازە بۆ منداڵێکی شەش ساڵان ئەنجامدرا

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



فێستیڤاڵی ساڵانەی وەرزش لە هەولێری پایتەخت

دەروازەیەک بۆ هاتنە پێشەوەی توانای لاوان

لە یاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر پشتیوان سادق و پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی و کونسوڵی دەوڵەتی کوێت، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکومی و حزبی ، چەندین کەسایەتی وەرزشی عێراقی و کوردستانیی و جەماوەرێکی ئێجگار زۆر لەمامۆستایان و قوتابیان و وەرزشدۆستان کە بەزیاتر لە 10هەزار کەس مەزەندە دەکرا .

فێستیڤاڵی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی 2019 -2018بەڕێوەچوو، کە بە سەرپەرشتی هۆبەی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێرو بە هاوکاری قونسوڵخانەی دەوڵەتی کوێت لە هەولێر سازکرابوو.

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

سەرۆکوەزیرانی لوبنان وەڵامی پیرۆزبایینامەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەداتەوە

ئێمە وەکو حکوومەت و گەلی لوبنان هەوڵدەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەهێزتر بکەین



پاش هەڵبژاردنی سەعد حەریری، سەرۆکی رەوتی موستەقبەل وەک سەرۆکوەزیرانی لوبنان، پارتی دیموکراتی کوردستان، نووسراوێکی ئاراستەکردن و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی پێشەوەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی لوبنان خواست.

سەعد حەریری، وەڵامی نووسراوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەداتەوە و دەڵێت: بەخۆشحاڵییەوە نامەی پیرۆزبایی پارتە بەڕێزەکەتان "پارتی دیموکراتی کوردستان"م پێگەیشت و سوپاسی هەستی برایانەتان بەرانبەر بە گەل و حکوومەتی لوبنان دەکەم. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی سەرۆکوەزیرانی لوبنان لە نامەکەیدا کە ئاڕاستەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە باسی لە پەیوەندی مێژوویی و گرنگی هەردوولا کردووە و رایدەگەیەنێت: لە یەزدانی مەزن داواکارم لە هەوڵەکانتان سەرکەوتووتان بکات کە ئامانج لێی پڕۆسەی بەدەستهێنانی ئارامی و خۆشگوزەرانییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

شایانی باسە پاش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان کە ساڵی ڕابردوو ئەنجامدرا، کە حکوومەتی لوبنان ماوەیەکی پێویست بوو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی پارتە سیاسییەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی ئەو وڵاتە. پاشان بە ڕێککەوتن، سەعد حەریری سەرۆکی ڕەوتی موستەقبەل وەک سەرۆکوەزیرانی لوبنان دەستنیشانکرا و ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبای ئاراستە کرد و ئومێدی بەردەوام و سەرکەوتنی بۆ گەلی لوبنان و ناوبرا خواست,

ڤالا فەرید: مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەستەبەرکراوە

پێکهاتەکان بەجیاوازییەکانییانەوە ئامادەی قوربانیدانن لەپێناو هەرێمی کوردستان



ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە یەکەم کۆنفرانسی دیالۆگی شارستانیی کە کۆمەڵەی (EAST) بۆ دیالۆگی شارستانییەتەکان لە شاری هەولێر و لەژێر ناونیشانی پێکەوەژیان لە پێناو ژیانێکی باشتر سازیکردووە، گوتی: پێویستە دان بەوەدا بنێین کە مافی جیاوازییمان لە یەکتر هەیە، مافی بوون و مافی ئەوەی جیاوازبین لە ڕووی ئایین، نەتەوە، کولتوور، زمان، ڕەگەز، دانپێدانان بە بوونی بەرانبەر و بوونی جیاوازییەکان بنەچەی ژیانی مرۆڤایەتی دروستدەکەن.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: بێگومان دادپەروەری و ئازادی دوو کۆڵەکەی گرنگن و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن، پیادەکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان بێ جیاوازیکردن لە ئایین و مەزهەب و زمان و کولتوور ئەوە فەراهەم دەکات کە ژیانێکی باشتر دەستەبەر ببێت. ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، گوتی: پێکەوەژیان و کۆڵەکەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕەنگیی داوەتەوە و هەموو پێکهاتەکان پیادەی ماف و ئازادییەکان دەکەن و پێکهاتەکان بەجیاوازییەکانییانەوە ئامادەی قوربانیدانن لەپێناو هەرێمی کوردستان، لەم پێناوەشدا پەرلەمانی کوردستان هەر زوو جەختی لەسەر ڕێزگرتن لە پێکهاتەکان کردووەتەوە و مافی کۆتای بۆ دەستەبەرکردووە و مافی پێکهاتەکانی لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و سەرجەم دەزگاکان بەپێی یاسا گەرەنتی دەکات.

کیفاح مەحمود: ناکرێت پێکهێنانی حکوومەت چیدیکە دوابکەوێت

ڕێککەوتنەکەی پارتی و یەکێتی تەنیا گرفتی هونەریی هەیە



کیفاح مەحمود، ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: گفتوگۆکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و ڕێککەوتنەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش تەنیا گرفتی هونەری ماوە.

کیفاح مەحمود، ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی، بۆ خەبات ڕایگەیاند: ڕێککەوتنەکەی پارتی و یەکێتی گەیشتووەتە قۆناغی واژۆکردن، تەنیا گرفتی هونەریی هەیە، ماوەی چەند کاتژمێرێکی دیکە گفتوگۆکان لەبارەی پرسی جێگری سەرۆکی هەرێم یان یاریدەدەری ئەو پۆستە بەردەوام دەبێت تا دەگەنە دەرئەنجامێک. ڕوونیشی کردەوە کە پەرلەمانی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی یاسایی، یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار دەکاتەوە و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش دەکرێت. ئەوەشی خستەڕوو بزووتنەوەی گۆران ئەوە بە مافی خۆی دەزانێت کە جێگری سەرۆکی هەرێمی هەبێت و بەپێویستی نازانێت سەرۆکی هەرێم دوو جێگری هەبێت، پارتیش دەیەوێت هاوبەشییەک لەو نێوانە بدۆزێتەوە، چونکە ناکرێت حکوومەت چیدیکە دوابکەوێت.

دادگای باڵای فیدراڵی سێ پسپۆڕی بۆ پرسی ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان ڕاسپارد

گوتەبێژی دادگای فیدراڵی: حەوت سکاڵا لەبارەی نوێنەرایەتیی ئافرەتانەوە تۆمارکراون




دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سێ پسپۆڕی ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی تەماشای لایەنە هونەرییەکانی پرسی ڕێژەی ژنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن و ڕاپۆرتێک پێشکەش بکەن، گوتەبێژی ئەو دادگایە دەڵێت: 7 سکاڵا لەبارەی نوێنەرایەتیی ئافرەتانەوە تۆمارکراون. هەروەها دادگەی باڵای فیدراڵی ڕایدەگەیەنێت کێشەکان پەیوەستن بە میکانیزمی دابەشکردنی ئافرەتان لە نێو لیستە براوەکان و ڕێژەی نوێنەرایەتییان لە ناوچەکانییان.

دادگەی باڵای فیدراڵی دوێنێ سێشەممە ڕایگەیاند: سێ پسپۆڕی ڕاسپاردووە بۆ تەماشاکردنی پرسی ڕێژەی نوێنەرایەتییکردنی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتەبێژ بەناوی ئەو دادگایە ئەیاس سامۆک لە ڕاگەیانراوێکدا ڕایدەگەیەنێت: دادگای باڵای فیدراڵی دانیشتنی خۆی بە سەرۆکایەتیی دادوەر مەدحەت مەحمود و ئامادەبوونی سەرجەم دادوەرانی ئەندام، بەست و تەماشای ئەو سکاڵایانەشی کرد کە پەیوەندیی بە ڕێژەی ئافرەتانەوە هەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە: دادگا پسپۆڕێکی ڕاسپاردبوو لە خولی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک پێشکەش بکات و تێڕوانینی هونەریی میکانیزمی دابەشکردنی ئافرەتان لە نێو لیستە براوەکان و ڕێژەی نوێنەرایەتییان لە ناوچەکانییان.

سامۆک باسی لەوەشکردووە کە بەشێک لە لایەنی سکاڵاکار دژی ڕاپۆرتی ئەو پسپۆڕە وەستانەوە و بەو پێیە دادگا بڕیاری دا سێ پسپۆڕ ڕابسپێرێت بۆ ئەو پرسە. ئەیاس سامۆک لە درێژەی قسەکانیدا ڕوونیشی کردووەتەوە کە دادگا تەماشاکردنی لە سکاڵاکان بۆ 16ی ئەم مانگە دواخستووە، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی ئەو سێ پسپۆڕە بانگهێشت بکات و سوێندی یاساییان بدات. بەپێی قسەکانی گوتەبێژی دادگای باڵای فیدراڵی، حەوت سکاڵا هەن لەسەر پرسی نوێنەرایەتیی ئافرەتان و دوانییان بەهۆی دواخراوە بەهۆکاری یاسایی، چواربیان تەماشاکراون و چاوەڕوانی بۆچوونی پسپۆڕان دەکرێت و یەکێکیان تا ئێستا سەیری نەکراوە.

عێراق..هەوڵێکی بە قاچاغهێنانی هەزار دەمانچە پووچەڵکرایەوە



سەرچاوەیەک لە سوپای عێراق ڕایگەیاند کە هەوڵێکی بە قاچاغهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەمانچە لە دەرەوە بۆ ناو عێراق لە دەروازەی ئوم قەسر لە پارێزگای بەسرە لەلایەن هێزێکی سەر بە پۆلیسی گومرکەوە، پووچەڵکراوەتەوە.

ئەفسەر لە سوپای عێراق، ملازم محەمەد خەڵەف نایف لەمبارەیەوە ڕایگەیاندووە: هەزار دەمانچەی جۆری فۆرت 19 نۆ میلم دروستکراوی ئۆکراینا کە لەناو کۆنتێنەرێکدا لە کەشتییەکدا شاردرابوونەوە لە دەروازەی ئوم قەسر دەستیان بەسەردا گیراوە. محەمەد خەڵەف نایف باسی لەوەشکردووە کە هەوڵدەدرا، ئەو دەمانچانە لە دەرەوە لە ڕێگەی قاچاغەوە بهێندرێنە ناو عێراق، بەڵام لەلایەن هێزێکی سەر بە پۆلیسی گومرک دەستیان بەسەردا گیراوە.

عێراق دژی بڕیارەکەی ئەمەریکایە لەبارەی بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران

عێراق سەبارەت بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران لە لایەن ئیدارەی ئێستای ئەمەریکاوە دژی بڕیارەکە و ڕایگەیاند: ئەم بڕیارە خزمەت بە سەقامگیری ناوچەکە، ناکات.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە کاردانەوەی بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ لەبارەی بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران لە لایەن دۆنالد ترەمپ سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: ئەو بڕیارەی ئەمەریکا خزمەت بە سەقامگیری ناوچەکە، ناکات.

ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو کە ناوی سوپای پاسدارانی خستووەتە ناو لیستی تیرۆرە بیانییەکانەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد سەحاف لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئەمەریکا لەبارەی بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران، هیچ خزمەتێک بە سەقامگیری ناوچەکە ناکات. ئەحمەد سەحاف گوتوشیەتی: پێداگیرن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین کە خاکی عێراق بۆ زیانگەیاندن بە وڵاتانی دراوسێ بەکار بهێندرێت. هەروەها ڕۆژی سێشەمە سەرۆک وەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندبوو کە بڕیارەکەی ئەمەریکا بۆ بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران، بڕیارێکی هەڵەیە.



یەکەمین کۆنفرانسی دیالۆگی شارستانی لەژێر ناونیشانی پێکەوەژیان لە پێناو ژیانێکی باشتر لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو

وێنە هەواڵ

مەحمود محەمەد: پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی نەداوە



پارتی هەوڵیداوە کەشوهەوایەکی ئەوتۆ دروست ببێت تا هەموومان پێکەوە بتوانین کار بکەین

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتوون کە هەر سێ پرسی بەغدا و کەرکووک و هەرێم لێک جیا بکەنەوە و لە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمیش، شاندێک ڕەوانەی بەغدا دەکرێت تا لەسەر پرسی ئاسایکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک گفتوگۆ بکرێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی نەداوە و تا ئێستاش هیچ بڕیارێکیان نەداوە بەوەی بایکۆتی دەکەن یان بەشداری دەکەن.

بەگوێرەی مالپەڕی پارتی، مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە: پێویستە لە هەمو قۆناغەکاندا پێداویستییەکانی کوردستان دەستنیشان بکرێن و هەوڵ بدەین زەمینەی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئەو پێداویستیانە فەراهەم بکەین، گوتەبێژی پارتی گوتیشی: لە تێڕوانینی ئێمەدا گرینگترین پێداویستیی ئەم قۆناغە، پێویستی بە یەکڕیزی و پێکەوە کارکردن هەیە و لە سەرووی هەموشیانەوە پێویستی بە پێکەوەکارکردنی پارتی و یەکێتی هەیە.

سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، مەحمود محەمەد ڕایگەیاندووە، لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ برادەرانی یەکێتی، ڕاشکاوانە ئەوەمان خستووەتەڕوو کە پێکەوەگرێدانی پرسی بەغدا و کەرکووک و حکوومەتی هەرێم، کێشەکان نەک هەر چارەسەر ناکات، بەڵکوو ئاڵۆزیی زیاتر دروستدەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چارەسەری هەر یەکێک لەم کێشانە، هەلومەرجی تایبەتی خۆی پێویستە، ناوبراو ئەوەشی ئاماژە پێداوە، کە سەرەتا لەسەر ئەم پرسە نەگەیشتووینەتە ئەو ڕێککەوتنەی کە لە یەکترمان جیا بکەنەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکانمان، هەردوولا گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی هەر یەکەیان بە شێوازی جیاواز چارەسەر بکەن و بە کردەییش چارەسەریان بۆ دیاری کراوە.

مەحمود محەمەد جەختیشی لەوەش کردووەتەوە، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە ئەم ڕایگەیاندووە: پێویستە لە هەمو قۆناغەکاندا پێداویستییەکانی کوردستان دەستنیشان بکرێن و هەوڵ بدەین زەمینەی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئەو پێداویستیانە فەراهەم بکەین، گوتەبێژی پارتی گوتیشی: لە تێڕوانینی ئێمەدا گرینگترین پێداویستیی ئەم قۆناغە، پێویستی بە یەکڕیزی و پێکەوە کارکردن هەیە و لە سەرووی

هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە حکوومەتی نوێ لە ماوەیەکی کەمدا پێکبهێندرێت

ڕێککەوتنانە بینە بنەمایەک بۆ جێبەجێکردن و بنەمایەک بۆ پێکهێنانی خێرای کابینەی نوێ، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە لە ماوەیەکی کورتدا، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک بهێندرێت، بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی بۆ داواکارییەکانی خەڵک لە کوردستان، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەن و پێویستیان بەوەیە کابینەی نوێ لەگەڵ بەغدا ئەو کێشانە چارەسەر بکات.

مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: ئەو کارانەی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکردووە، ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە پێویستن بگیرێنەبەر، بۆ ئەوەیە بگەنە کۆتایی و کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت. وەک سەرەتاش بەپێی یاسا دەبێ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم کارا بکرێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، دوای ئەوەش پەرلەمان ناوی کاندیدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەستنیشان بکات، کە بەڕێز مەسرور بارزانییە و بەرزی بکاتەوە بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین یان بەشداری پێکهێنانی کابینەکەی لەو ماوەیەی، کە بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە ڕابسپێرێت، بەمشێوەیە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت.

وەک مەحمود محەمەد باسی کردووە، پارتی هەوڵیداوە کەشوهەوایەکی ئەوتۆ دروست بێت، کە بتوانن هەموو پێکەوە کار بکەن تا داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێبکەن، هەر بۆیەشە لە پێناو دروستکردنی ئەم کەشوهەوا تەندروستەدا، پارتی لە هەندێک شوێندا زیانی پێکەوتووە، بەڵام وەک پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بە زیان نازانین، بەڵکوو وەک سەرکەوتنێک بۆ خەڵکی کوردستان لە قەڵەمی دەدەین، کە تواندراوە هەموان پێکەوە حکوومەت دروست بکەن.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پرسی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش ڕایگەیاندووە، پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی نەداوە، هەروەها تا ئێستاش هیچ بڕیارێکمان نەداوە بەوەی بایکۆتی دەکەین یان بەشداری دەکەین، بەوپێیەی ئێستا ئەو بابەتە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەوەی ئایا لە مانگی 11ی 2019 ئەنجامبدرێت یان لە مانگی 4ی 2020 هەر کاتێک ئەو بڕیارە درا، ئەوکات وەکو پارتی هەڵوێستی خۆمان دەبێت. جەختیشی لەسەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک کردووەتەوە و گوتوشیەتی: دەبێ خەڵکەکەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆیان و دامودەزگاکانی ئاسایش بدرێتەوە دەست خەڵکەکەی، هەروەها کۆتایی بەو عەسکەرتاریەتەی ئێستا بهێندرێت، ئەوەش لە پێناو ئەوەیە کەرکووک وەک شارێک کە مۆزائیکی نەتەوەیی و ئایینیی تێدایە، پێویستە دانیشتووانی بتوانن بە ئازادی بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و دەنگی خۆیان بدەن، بۆیە گرنگە بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی بەغدا هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو شارە بدەن. مەحمود محەمەد تیشکی خستووەتە سەر ئەو لایەنە کوردستانییانەی لە کەرکووک بوونیان هەیە، کە بێ کێشە نین، ئەگەر لە ڕاگەیاندنەکانیش زۆر ڕاشکاوانە باسی کێشەکانی خۆیان لە کەرکووک نەکەن هەر ئەو لایەنانە باش دەزانن، کە ناتوانن سەربەستانە چالاکیی سیاسی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوەش بە ڕوون و ئاشکرایی بوونی هەیە. دەشڵێت: مانەوەی بارودۆخی نائاسایی ئێستای کەرکووک، لە بەرژەوەندیی هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینیی شارەکەدا نییە، هاوکات لە بەرژەوەندیی حکوومەتی عێراقیشدا نییە. گوتەبێژی پارتی جەختیشی کردووەتەوە پارتی و یەکێتی ڕێککەوتوون دوای پێکهێنانی حکوومەت، شاندێکی حکومی کە نوێنەری هەردوولای لەخۆگرتبێت، لەگەڵ حکوومەتی عێراق گفتوگۆ دەستپێبکەن تا کێشەکان چارەسەر بکرێن.



د.نەجمەدین کەریم:

عەقڵییەتی حوکمی مەرکەزی و سەربازی لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی بەعس دەبێتەوە

بەهۆی عەقڵییەتی شۆڤێنیانەی بەغدا و بە هاوکاریی گرووپێکی بەناو کوردەوە دۆخی کەرکووک بە ئێستا گەیشت

خەبات: نەجمەدین کەریم پارێزگاری شەرعی کەرکووک لە ساڵیادی ئازادکردنی کەرکووک ڕایگەیاند: ئازادکردنی شاری کەرکووک، وەرچەرخانێکی مێژوویی و دەرفەتێکی زێڕینی بە پێکهاتەکانی کەرکووک بەخشی تا قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی تەندروست و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دوور لە دەمارگیری نەتەوایەتی و ئایینی دەست پێبکەن.

نەجمەدین کەریم لە پەیامێکدا کە بەو بۆنەیەوە بڵاویکردەوە، ڕاشیگەیاند: ئەم پرۆسەیە کە بە هەوڵ و خەباتی چەند ساڵەی کەرکووکییەکان و لە نێویشیاندا بە تایبەتی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاتە ئەنجام، بەڵام بەهۆی عەقڵییەتی شۆڤێنییانەی دەسەڵاتدارانی عێراق لە دوای 2003 نەتواندرا ئەم دەرفەتە بقۆزرێتەوە بۆ فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و سەروەری یاسا و ژیانێکی مەدەنییەت بۆ دانیشتوانی شارەکەمان.

هەروەها گوتیشی: هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دوای پرۆسەی ئازادکرنی کەرکووک، دروستکردنی ئاستەنگ بۆ چارەسەری کێشەکان دەستپێکرد و تا زیاتر بەهێزبوونی دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەم عەقڵییەتە حوکمڕانییە بەرانبەر بە کەرکووک زیاتر تەشەنەی دەکرد. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا هاتووشە: لە کاتێکدا یادی ئەم سەروەرییە پڕ لە شکۆیە دەکەینەوە، جارێکیتر شارەکەمان لە سایەی عەقڵییەتی شۆڤێنیانەی دەسەڵاتدارانی عێراق و بە هاوکاری گرووپێک بەناو کوردەوە، بوونە هۆکارێک بۆ ئەم دۆخەی ئێستا ڕووبەڕووی شارەکەمان بووەتەوە، دۆخێکی نەخوازراو و بە زۆر سەپێنراوە تا ئەم چرکەساتەش بە عەقڵییەتی حوکمی سەربازی و سیاسی مامەڵە بە تەواوی دۆسیەکانی شارەکەوە دەکرێت، بەردەوامن بە پرۆسەی تەعریب و پەراوێزخستن و بێبەشکردنی کورد و تورکمان و عەرەبی ڕەسەنی شارەکە لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی کەرکووک. هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا کە نووسینگەی ڕاگەیاندنی نەجمەدین کەریم بڵاوی کردووەتەوە، پارێزگاری شەرعی کەرکووک گوتوشیەتی: جەخت لەسەر گرنگی کۆتایهێنان بە حکومی سەربازی و گێڕانەوەی ژیانی مەدەنییەت و جێبەجێکردنی دەستوور بە تاکە چارەسەر دەزانێ بۆ کێشەی کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکان و ڕایدەگەنێ: عەقڵییەتی حوکمی مەرکەزی و سەربازی لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی بەعس دەبێتەوە.

لە 16ی ئۆکتۆبەری2017 گرووپێکی کوردی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حەشدی شەعبی و پاسدارانی ئێران ڕێککەوتنی ژێربەژێریان کرد و کەرکووکیان بەبێ تەقە ڕادەستی حکوومەتی عێراق و ئەو گرووپە میلیشیاییانە کرد، لەو کاتەوە شارەکە و ناوچەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کەوتوونەتە بەر هەڵمەتی بە عەرەبکردن و تالانکردن و دەرکردنی هاوواڵاتییانی کورد و هەروەها لەڕووی ئەمنیشەوە ناوچەکە ڕۆژ دوای ڕۆژ داعش جموجۆڵەکانی تێیدا زیاد دەکات و هاوواڵاتیان ژیانیان لەژێر هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستی و میلیشیاکانی عێراقدایە.

ئەحرارولعێراق: پاڵپشتیی بڕیارەکەی ترەمپ لە دژی پاسداران دەکەین





ژمارەیەک کەسایەتیی و سیاسەتمەداری عێراق دڵخۆشیی خۆیان بە بەتیرۆریست ناساندنی سوپای پاسدارانی ئێران لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە دەردەبڕن. لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی گەیشتووەتە خەبات، ئەو هێز و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە عێراقییانە ڕایانگەیاندووە، سوپای پاسداران بەرپرسە لەو تاوانانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە دژی گەلی عێراق ئەنجامی دەدات.

هەروەک لە بەیاننامەکەدا هاتووشە، ئەو میلیشیایانە لەژێر ناوی ئیمامەکانی ئیسلام کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، ڕۆڵیان لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دزینی سامانی گشتی و بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان هەیە.

ئەو کەسایەتی و سیاسەتمەدارە عێراقییانە ئاماژەیان بەوەشکردووە، کە دڵخۆشیی و پاڵپشتیی خۆیان بە بڕیاری دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە بەتیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران ڕادەگەیەنن، لە بەیاننامەکەدا، ئەو کەسایەتییە عێراقییانە داوایان لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردووە، عاقڵ بن و ڕێز لە سەروەریی وڵاتان و ئازادیی ئەو گەلانە بگرن و چیتر دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەن. شەوی 2019/4/8 مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند: ئیدارەی وڵاتەکەی بە سەرۆکایەتیی دۆنالد ترەمپ، سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە بەرپرسی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان دەکات

هێمن هەورامی: دەخوازین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا بەرەوپێشتر بچێت



دوێنێ 2019/4/10 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی د.ڕێبوار بابکەیی، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە کلاریس پاستۆری، بەرپرسی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کورتەیەکی سەبارەت بەکارەکانی پەرلەمان لەماوەی دەستبەکاربوونیدا خستەڕوو و ڕایگەیاند: "ڕێکارە یاساییەکانی پەرلەمان بۆ کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دوای خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە پێشنیازەکە کراوەو بەم نزیکانە لەدانیشتێکی دیکەی پەرلەماندا دەنگدانی لەسەر دەدرێت و بەمەش هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێشەوە".

هەروەها باسی لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کرد و ڕایگەیاند: "لە ئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی باشدایەو هیوادارین بەرەوپێشتریش بچێت و کێشەکان لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی دەستووری عێراقەوە چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی مادەی 140ی دەستوور کە تایبەت بە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر".

هەر لە دیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یەکێتیی ئەوروپا کرد و ڕایگەیاند: "دەخوازین کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا بەرەوپێشتر بچێت و داوای لە بەرپرسی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی خۆیەوە هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوانان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئەوروپا بەمەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت لەبواری چاکسازیی کارگێڕی و داراییدا".

پێداویستیی تایبەت پێشوازی کردن لە ئاوارە و پەنابەران، پێکهاتە ئایینی ونەتەوەییەکان، ڕەوشی گرتووخانەکان، ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین، نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و چەندین بواری دیکە، لە هەمان کاتدا جدیەتی حکومەتی هەرێمان خستەڕوو لە چارەسەرکردنی هەر گرفتێک کە لەو بوارەدا هەبێت، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموار دارایییەی کە ڕووبەڕووی هەرێم بۆوە لە ئەنجامی بڕینی بودجە و موچەی هەرێم و هێرشی داعش بۆ سەر هەرێم و پێشوازی کردنی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر.

شایەنی باسە سەرۆک و ئەندامانی لیژنە بەشداری کردنی هەرێمی کوردستانیان بە گرنگ وەسف کرد و ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد لە هەنگاوەکانی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو هەنگاوە کردارییانەی کە لەو بواردا نراوە، هەروەها بەشداری کردنی هەرێمی کوردستانیان لە کۆبوونەوەی نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و ڕەوشی مرۆیی و بوونیان بە پێویست و تەواوکەری ڕاپۆرتی کۆماری عێراق وەسف کرد کە هەمیشە لە بواری مافەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی زیادکردنی خاڵە ئەرێنییەکانی و کەمکردنەوەی خاڵە نەرێنییەکان وەک لە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی بەڵێننامەی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ لە قاهیرە و کۆبوونەوەکانی لیژنەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی ڕەگەزپەرستی لە جنێف ساز درا.

لە لیژنەی نیشتمانیی نووسینەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا، حکوومەتی هەرێم نوێنەری خۆی دەبێت

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو 2019/4/9 لیژنەی نیشتمانیی نووسینەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان کە تایبەتە بەو بەڵێننامانەی عێراق ئەندامە تێیدا لە دیوانی وەزارەتی دادی حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا بەڕێوە چوو بە سەرۆکایەتی بەڕێز بەنگین ڕێکانی وەزیری دادی حکوومەتی فیدراڵی بە وەکالەت (سەرۆکی لیژنە) و ئەندامانی لیژنەی ناوبراو و نوێنەری هەرێمی کوردستان لە لیژنەی ناوبراو.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم و نوێنەری هەرێمی کوردستان لە لیژنەی ناوبراو وتی: لیژنەی نووسینەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە نوێنەری گشت وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ و نوێنەری هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، ئەرکی لیژنەکە بریتییە لە نووسینەوەی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق تایبەت بە گشت ئەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق ئەندامە تێیدا، هاوکات وەڵامدانەوەی گشت ئەو ڕێنمایی و پرسیارانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێف ئاراستەی کۆماری عیراقی دەکات. ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی هەرێممان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی بخرێتە چوارچێوەی ڕاپۆرتی گشتی عێراق، بەڵام لە میانەی گفتوگۆکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە پاڵ نوێنەری حکومەتی فیدراڵی وتار و ڕاپۆرتی هەرێم پێشکەش بە لیژنەی ناوبراو دەکەین.

سەبارە بەم کۆبوونەوەیەی ئەم دواییە دیندار زێباری وتی: کۆبوونەوەی ڕۆژی 2019/4/8ی لیژنەی نووسینەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی یەکێک بوو لە کۆبوونەوە گرنگەکانی لیژنەی ناوبراو، چونکە تایبەت بوو بە گفتوگوکردنی دوو ڕاپۆرتی گرنگ، یەکەمیان بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق کە ئەمەیان دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ گشت ئەو ڕێکەوتنامە و بەڵێننامانەی کە عێراق ئەندامە تێیدا و دوای پەسەند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش نەتەوەیەکگرتووەکان مامەڵە لەگەڵ عیراق دەکات لە گشت ئەو ڕێکەوتنامە و بەڵێننامانەی کە عێراق ئەندامە تێیدا، ڕاپۆرتی دووەم کە لەو کۆبوونەوەیەدا پێشکەش کرا ڕاپۆرتی (پانۆرامای خولی گشتگیر UPR) بوو کە ئەمەشیان یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن عێراقەوە پێشکەش دەکرێت و گشت لایەنەکانی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە خۆدەگرێت.



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە گرنگی بەشداری کردنی هەرێمی کوردستان لەو لیژنەیە وتی: لە میانەی گفتوگۆکانی هەردوو ڕاپۆرتی بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق و ڕاپۆرتی (پانۆرامای خولی گشتگیر UPR) ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان تێبینی و سەرنجەکانی خۆمان خستە ڕوو لە هەمان کاتدا ئەو یاسا و ڕێنمایی و کردارانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت لە بارەی پاراستنی مافی مرۆڤ بە گشتی پێشکەشمان کرد وەک مافی منداڵان، ئافرەتان، کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت پێشوازی کردن لە ئاوارە و پەنابەران، پێکهاتە ئایینی ونەتەوەییەکان، ڕەوشی گرتووخانەکان، ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین، نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و چەندین بواری دیکە، لە هەمان کاتدا جدیەتی حکومەتی هەرێمان خستەڕوو لە چارەسەرکردنی هەر گرفتێک کە لەو بوارەدا هەبێت، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموار دارایییەی کە ڕووبەڕووی هەرێم بۆوە لە ئەنجامی بڕینی بودجە و موچەی هەرێم و هێرشی داعش بۆ سەر هەرێم و پێشوازی کردنی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر.

شایەنی باسە سەرۆک و ئەندامانی لیژنە بەشداری کردنی هەرێمی کوردستانیان بە گرنگ وەسف کرد و ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد لە هەنگاوەکانی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو هەنگاوە کردارییانەی کە لەو بواردا نراوە، هەروەها بەشداری کردنی هەرێمی کوردستانیان لە کۆبوونەوەی نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و ڕەوشی مرۆیی و بوونیان بە پێویست و تەواوکەری ڕاپۆرتی کۆماری عێراق وەسف کرد کە هەمیشە لە بواری مافەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی زیادکردنی خاڵە ئەرێنییەکانی و کەمکردنەوەی خاڵە نەرێنییەکان وەک لە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی بەڵێننامەی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ لە قاهیرە و کۆبوونەوەکانی لیژنەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی ڕەگەزپەرستی لە جنێف ساز درا.

ڕاپۆرت: ڕێکان سەباح

کێشەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، هەنگاوەکانی سەرۆککۆماری تورکیاش زیاتر بەرەو ڕووسیایە، ئەمریکاش هۆشداری دەداتە تورکیا، لەدوای بڵاو بوونەوەی هەوڵی کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکی S400 لەلایەن تورکیا، پەیوندی نێوان تورکیا و ئەمریکا زیاتر ئاڵۆز بووە، لەو بارەیەوەش ئەمریکا هۆشداری داوەتە تورکیا، بەڵام لەبەرامبەردا مەولود چاوشئوغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکی S400 لە ڕوسیا بە یاسایی ناوبردووەو لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ کەنالێکی تورکی دەڵێت: ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ سیستەمی بەرگری S300یان هەیە و بوونی خاوەنی هەرجۆرە سیستەمێکی بەرگری دژایەتی یاساکانی ئەندامبوون لە ناتۆ ناکات، ئاماژە بەوەش دەکات ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیەوێت مووشەکی پاتیرۆت بە تورکیا بفرۆشێت، پێدەچێت سبەی دووەم سیستەمی مووشەکی بەرگری S400 بکڕین.

بەهۆی کڕینی سیستەمی بەرگریی مووشەکی S400 لە ڕووسیا،

تورکیا ڕووبەڕووی هۆشداریی تونڈی ئەمەریکا دەبێتەوە

هۆشداری ئەمەریکا بۆ تورکیا

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی تورکیا دەڵێت: تورکیا بژاردەیەکی لەبەردەمە ئایا دەیەوێت وەکو بەشێکی گرنگی سەرکەوتووترین هاوپەیمانێتی سەربازی لە مێژووی جیهاندا مێنێتەوە یاخود دەیەوێت ئاسایشی ئەو هاوپەیمانێتییە بخاتە مەترسییەوە لەڕێگەی بڕیاردانی بێباکانەوە، کە ئەم هاوپەیمانێتییە لاواز دەکات، لەبەرانبەر ئەم لێدوانەی مایک پێنس شارەزایانی سیاسی پێیان وایە، کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکەی (S400) بۆ ئەمریکا جێگەی قبوڵکردن نییە، بۆیە بڕیاریداوە فڕۆکەی پێشکەوتووی سەربازی F-35 بە تورکیا نەدات تاوەکو لە کڕینی چەکە ڕووسییەکە پەشیمان دەبێتەوە. لەمبارەیەوە، ئیتوارەی ڕۆژی چوارشەمە، لە کۆشکی سپیەوە پەیامێکی تووندتر بۆ تورکیا نێردرا، بەڵام لەبەرامبەر دا پسپۆرێکی کاروباری سەربازی لە ئەمریکا ڕایگەیاندووە"بەڵای سەرۆک تەرمپ و زۆر کەسەوە لە ئەمریکا و لێرە لە واشنتۆن، دۆلار زۆر گرنگترە لە پەیوەندی سەربازی تورکیا لەگەڵ ناتۆ. بۆیە بۆمان گرنگترە کۆمپانیای لۆکهید مارتن، بۆینگ، ڕەیسیۆنگ، یاخود هەر کۆمپانیایەکی دروستکردنی چەکی ئەمریکی، نەک ڕووسیا، مووشەک بە تورک بفرۆشێت بۆ ئەوەی تورکیا پەنا نەباتە بەر چەکی تری غەیرە ئەمریکی".

لەبەرانبەر دا وەزیری دەرەوەی تورکیا مولود چاوشئۆغلو دەڵێت: ئەگەر فڕۆکەی F35یش بە تورکیا نەفرۆشرێت ئەوا لە شوێنێکی دیکە دەیکڕین تا ئەوکاتەی تورکیا خۆی فڕۆکە دروست دەکات، بەڵام پێشتر لە کۆبونەوەیەکی لە واشنتۆن لەگەڵ هاوتا ئەمریکیەکەی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبونەوەکەی بە بێ ئەنجام نیشاندا گوتی: لەبارەی کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکی ڕووسی ناسراو بە S-400 وڵاتەکەی بەقسەی ئەمریکا ناکات، چونکە گرێبەستیS400 تەواوبووە و بڕاوەتەوە و لێی ناکشێینەوە، بەڵام لەکۆتاییدا گوتی: پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ڕووسیا وەکو بەدیلێک بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا نابینین".

سزاکانی ئەمەریکا بۆ تورکیا چیبە؟

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆککۆماری تورکیا لەبارەی کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکی (S400) وادەکەمان پێشخستووە، لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا هەروەها گوتیشی: کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکەی (S400)کۆتایی هاتووەو لەپێش مانگی تەمموزی ئەمسالّ کە وادەی ڕادەستکردنیەتی، تورکیا پێش ئەو وادەیە سیستەمەکەی بەدەست دەگات، لەبارەی هۆشداریەکەی ئەمریکا سەرۆککۆماری تورکیا دەشڵێت: تورکیا خاوەنی سەروەریی خۆیەتی، ناهێڵین هیچ کەسێک ئەو سەروەرییە دابەشبکات" باسی لەوەشکرد، سیستەمەکە نابێتە هەڕەشە بۆ وڵاتی سێهەم، لەبەرانبەردا کۆنگرێسی ئەمریکا هۆشداریداوەتە تورکیا لەحاڵەتی کڕینی ئەو سیستمە بەرگرییە موشەکییە، ئەنقەرە ڕووبەڕووی سزای تووند دەبێتەوە، لەوبارەیەوە ئاژانسی ڕێتەرز لە هەواڵێکیدا ئاشکرای کردووە، لیژنەی خزمەتگوزاریە سەربازیەکان و پەیوندییەکانی دەرەوە لەئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا هۆشیاری تونڈی داوەتە تورکیا لەبارەی کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکی (S 400) و فڕۆکەی (F35) لەروسیا و ڕایگەیاندووە ئەگەر ئەو هەنگاوە بنێ ئەوا ڕووبەڕووی سزای تونڈ دەبێتەوە، ئەندامانی ئەنجومەنی پیران ڕاشیانگەیاندووە ئەگەر تورکیا ئەو هەنگاوە بنێ ئەوا ڕووبەڕووی سزای تونڈ دەبێتەوە و سزاکەشیان زیانی گەورە بەئابووری تورکیا دەگەیەنێت و ڕێگەی بازرگانی و وەبەرهێنەرانی بیانی لێ قەدەغە دەکرێت لەگەڵ سەپاندنی چەندین سزای تونڈی دیکە، کە ڕەنگە تورکیا بەرگەیان نەگرێت، ئەمە لەکاتێکدابوو ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، 8ی 4ی2019 لەکۆشکی کرملن، ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا و ڤلادیمیر پوتینی سەرۆکی ڕوسیا کۆبوونەوە و دواتر لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕێکەوتننامەیەکی گەورەی بازرگانی و سەربازیان بەقەبارەی 5 ملیار دۆلار ڕاگەیاند و سەرۆکی ڕوسیاش گوتی: لەبارەی سیستەمی بەرگری مووشەکی (S400) گفتوگۆی چڕیان کردووە و دەگەنە ڕێکەوتن.



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/4/11 ژمارە (5728)

بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی چوار مەرزی لاوەکی لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین

حکوومەتی عێراق چاوەڕوانی وەڵامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە

جێگری پارێزگاری هەڵەبجە: حکوومەتی عێراق ڕەزامەندە لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزە سنوورییەکانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە



کاوە عەلی، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە(خەبات)ی ڕاگەیاند" شاندی دەروازە سنووریەکانی عێراق 8ی ئەم مانگە سەردانی مەرزی لاوەکی (تەوێلە) یان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون هیچ گرفتێک لەبەردەم بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزەکەدا نییە". بەوتەی ناوبراو حکوومەتی عێراق چاوەڕوانی وەڵامی کۆماری ئیسلامی ئێرانە تا چەند مەرزێکی لاوەکی لە سنوری هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین بکاتە نێودەوڵەتی.

خەبات/عەلی بانیشاری

کاوە عەلی گوتیشی: دوێنێ شاندێکی دەروازەی سنووریەکانی عێراق سەردانی مەرزی لاوەکی(کێڵێ)ی لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین کرد تا لە داهاتوودا مەرزەکە بکرێتە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی.

پێشتریش هەمان شاند و بۆ هەمان مەبەست سەردانی مەرزی لاوەکی (سەیرانبەن)یان لە سنوری قەزای پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی کرد.

جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەشڵێت: حکوومەتی عێراق هیچ کێشەیەکی لە بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزە لاوەکییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە نییە و نوسراویشی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە تا ڕەزامەندی بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی هەردوو مەرزی (تەوێلە) و (پشتە) لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و (سەیرانبەن) لە سنوری پارێزگای سلێمانی دەربڕێت. هەروەها ئەوەشی گوت: بڕیاری بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزە لاوەکییەکان نە لەدەستی لیژنەی دەوازە سنووریەکانی عێراقە نە حکوومەتی هەرێم".

سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن دانیشتووانی پارێزگای هەڵەبجە پاش بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزی تەوێلە دەتوانن تەنها بە پێناسەی باری شارستانی سەردانی قەزای پاوە و پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەن؟ کاوە عەلی گوتی: لە ساڵی 2014دا قایمقامی هەڵەبجە و پاوە یاداشتێکی لێکتێگەشتنیان بۆ ئەو مەبەستە واژۆ کردووە، بەڵام لە ئێستادا هیچ شتێکی فەرمی نییە کە ئەو یاداشتە بکرێتە بڕیار و جێبەجێ بکرێت. هەر لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: لە سەردانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ کرماشان باس لەوە کراوە ئەو یاداشتەی 2014 گەشتی پێبدرێت و فراوان بکرێت ئەگەر بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزی تەوێلە دواکەوت.



دیوانی چاودێریی دارایی لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی خەبات دا

خالید هادی چاوشلی: تێبینی و پێشنیازەکانی سەرۆک بارزانی هەمیشە ئەوە بووە، کە ئێمە لایەنێکی سەربەخۆین و پێویستە ڕۆڵی خۆمان بخەینەگەڕ

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە، ڕێگرتنە لە ڕووداوی سەرپێچی و گەندەڵی

دیوانی چاودێری دارایی یەکێکە لە دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و بە چەند قۆناغێک تێپەڕیووە و دواتر لە ساڵی 2008 بە پێی یاسای ژمارە 2 کەوتە قوناغێکی نوێی کارکردنەوە و دواتر لە 2014/5/7 خالید هادی چاوشلی وەک سەرۆکی دیوان سوێندی یاسایی خوارد و لەڕێکەوتی 2014/5/11 وەک سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەستبەکاربوو. بۆ خستنەڕووی ئەرک و ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی ڕۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ خالید هادی چاوشلی ئەنجام دا.

دیمانە: ڕەسول سالح خۆشناو

*** ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی لە نەهێشتنی سەرپێچی دارایی و کارگێڕییەکان بکەن؟**

دیوانی چاودێری دارایی بەپێی یاسای ژمارە 2ی ساڵی 2008 کار دەکات، بەپێی ئەو یاسایە ڕۆڵی دیوان تەنها دەستنیشانکردنی سەرپێچییە دارایی و کارگێڕییەکان یاخود پابەندنەبوونی فەرمانبەری حکومەت لەگشت ئاستەکان، بەیاسا و ڕێنماییەکان نییە، بەڵکو سنووری کارکردنی دیوان لەمە زۆر فراوانترە، بۆیە لە سەرەتای ڕابردوو ئێمە بەپێی ئەو ئەرکانەی بەیاسا پێمان ڕاسپێردراوە و هەوڵەوە بەپێی نەریتی کار و هاوشێوەی دیوانی چاودێری لەعێراقی فیدرال و وڵاتانی تر، زیاتر پەرەمان بەکار و ئەرکەکانی خۆمان داوە و بۆیە ئەرکی ئێمە، تەنها ئەرکی وردبینیکردن نییە.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە، ڕێگرتنە لە ڕووداوی سەرپێچی و گەندەڵی، ئێمە کە دەستنیشانی سەرپێچی یا گەندەڵییەک دەکەین، بە دەستکەوتی دەزانین، ئەمە گەڕاندنەوەی مافێکی گشتییە بۆ گەنجینەی حکومەت و سزادانی ئەو کەسەیە کە سەرپێچێکردووە، بەڵام بۆ ئێمە بە نرختر و گرنگتر ئەوەیە، کەپێش بگرین لە ڕووداوی سەرپێچی یا گەندەڵییەک و بتوانین سیستەمی دارایی و کارگێڕی و حوکمڕانی وڵاتی خۆمان بە شێوازێک دابڕێژین کە ڕێگر بێت لە ڕووداوی هەڵە و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کەمکردنەوەی تێچووەکان، ئەمەش بەچەند ڕێگایەک دەبێت؛ یەکەمیان بە دانانی سیستەمێکی پتەو و سەردەمیانە بۆ بوارەکانی کارگێڕی و دارایی، بە جۆرێک کە کەلێن وبۆشایی بۆ ڕووداوی ئەم سەرپێچییانە نەهێڵێت.

*** پەیوەندی نێوان دیوان و دەستەی دەستپاکی و دەسەڵاتی دادوەری چ جۆر و لە چ ئاستێک دایە؟**

پێشەکی دەمەوێ بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەتان و هاووڵاتیان ڕوونیبکەمەوە، کە دیوانی چاودێری دارایی لایەنێکی پیشەیی و نابێتە لایەنێکی دادوەری و لێکۆڵینەوە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە وردبینی لە سەر ئەو دۆسیانە بکەین کە دەخرێتەژێر دەستمان لە لایەن پەرلەمان یا خود دادگا و یا خود دەستەی دەستپاکی یا خود هەر لایەنێکی تر و یا لەکاتی ئەنجامدانی پلانی ساڵانەی دەستەکانی چاودێریمان، ڕا و بۆچوونی خۆمان سەبارەت بە دۆسیەکان دەردەبڕین بۆ دەستنیشان کردنیکەموکورتی و سەرپێچییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.ئەو ڕادەبڕینە دەبێت بە شێوەیەکی پیشەیی و بێ لایەنانە بێت و هیچ کاریگەری دەرەکی لەسەر نەبێت و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بێت، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەرکی دیوانی چاودێری دارایی و پەیوندی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دەستەی دەستپاکی دەبێتە بناغەی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان، بۆیە ئەگەر هات کەیسێک گومانی لێکرا و پێویستی بە وردبینی زیاتر هەبێت، دەستەکانی ئێمە وردبینی بۆ دەکەن و ئەنجامی ئەم وردبینییە دەبێتە بناغەیەک بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو کەیسانە.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە سالانە پلانی چاودێری دادەڕێژین بۆ وردبینیکردنی گشت دامودەزگا حکومییەکان و بەپێی ئەو پلانە دەستەکانی چاودێری ڕەوانەی فەرمانگە حکومییەکان دەکەین و بە ڕاپۆرت ئاگاداری لایەنی بەرزتری فەرمانگەکە دەکەینەوەکە هەڵەکەی کردووە یا سەرپێچییەکەی تێدا ئەنجام دراوە و گەیشتۆتە ئاستێک کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەبێت.

*** ئایا وەزارەتی دارایی هەماهەنگی پێویستی لەگەڵ ئێوە هەیە و هاوکارتانە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانتان؟**

سەبارەت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، تا ڕادەیەکی باش هەماهەنگیمان هەیە، بەڵام هەندێکجار بە هۆی جیاوازی لە تێگەیشتنی ڕاپۆرتەکان و دەربڕینی ڕا و بۆچوونە و لەوانەیە لایەنی وردبینکراو یا کەسەکە لە دوای ڕاپۆرتی ئێمە ڕوونکردنەوەی تر بدات و ڕاوبۆچوونی نوێ دروست بێت، بۆیە مەرج نییە کە ئەو ڕایەی کە دەری دەبڕین 100% دەرخەری گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی بێت و زۆر جاریش ئەنجامی ڕاپۆرتەکان ئێمە بڕیاری کۆتایی نین و هەندێجار کەموکورتییەکان بە سزایەکی کارگێڕی یا فەرمانێکی کارگێڕی چارەسەر دەکرێن، بۆیە بە بیروڕادا لەبارەی هەندێک بابەت و کەیس و ژمیرەکان، لە ئاستێکی پێویست نییە، ئێمە لەسالانی ڕابردوو دووپاتمان کردۆتەوەکە ئەو پارانەی خەرج دەکرێن، لەسەر وەزارەتی دارایی پێویستە بیانخاتە ناو چوارچێوەیەکی یاسایی و مەبەستمان لەچوارچێوەی یاسایی، یاسای بوودجەیەکە لە ساڵی 2014ەوە ئەو پارانەی کە خەرج دەکرێن و یا کۆ دەکرێنەوە بە بێ بوونی یاسای بوودجە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە و ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ وەزارەت و سێکتەرەکان کە تەرخان دەکرێت، پاڵپشت نابێت بە فەلسەفەیەکی ئابووری یا فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی یا چوارچیوەیەکی یاسایی و دەکەوێتە بواری ئیجتیهادی تاکەکەسی و لەوانەیەپارەیەکی زۆر بە فیڕۆ بچێت و شوێنی خۆی ناگرێت و بەپێی پێویستی و ئەولەویاتی هەرێمی کوردستان جێگە ناگرێت، بۆیە پێویستە وەزارەتی دارایی هەڵسێت بە ئامادەکردنی ئەم پڕۆژە یاسایە، هەرچەندە بەبڕوای ئێمە لەم بابەتە تەنها وەزارەتی دارایی کەمتەرخەم نییە و حکومەتی هەرێمیش لەم بابەتە ڕۆڵی هەیە.

بابەتی تر، ژمێرەی کۆتاییەکە هەمیشە دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستە لە کۆتایی هەر ساڵێکی دارایی ئامادە بکرێت، بەڵام وەزارەتی دارایی بە هۆی نەبوونی یاسای بوودجە ناتوانێت ژمێرەی کۆتایی ئامادە بکات، بۆ ئەوەی ئێمە وردبینی بۆ بکەین و ڕای خۆمانی لەسەر بدەین و لە جیاتی ژمێرەی کۆتایی، لە ساڵانی ڕابردوودا بەیاننامەی دارایی دەردەکەن و ئەو بەیاننامە دارایییە جێگرەوەی ژمێرەی کۆتایی نییە، جگە لەوەش زۆر کەیس هەیە کە پەیوندییان بە واقیع حاڵی نیستا و سیستەمی بانکی لە هەرێمدا لە ئاستێکی زۆر خراپ دایە و دەتوانین بڵێین ئیفلیجە و دەبێت بگەڕێندرێتە ئاستێکی هونەری بەرز کە پێویستی بە ئاماژەکردنی هەیە کە ئەوەتا لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە بانکەکان ئیفلیجن و ناتوانن ئەرکی سەرشانیان بەجێبگەیەنن و ئەوەتا ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کاری دەستەکانی دیوانی چاودێری دارایی دەبینەوە ئەگەر بانکەکان

پێکهاتێن جوداجوداییێن پارێزگەها دهۆکێ و سێمێلێ سەرا مەزارێ نەمران ل بارزان دا



هەمی ئول و ئایینی و نەتەوە و پێکهاتێن جوداجوداییێن پارێزگەها دهۆکێ و سێمێلێ سەرەرای وان تاقیێن مەزنێن باران بارینێ ژبو پیروزکرن و سوزدانەڤا خو ل هەمبەر مەزناهی و بلندااهیا ڕێبەرێ نەتەوا کورد بارزانی نەمرو و ئیدریسێ هەردەم ل یاد، سەرا بارزانا لەندا شیران خەست و ژبال خەلات بارزانی نوینەرێ سەروک بارزانی هاتنە پێشوازیکرن، ژبلی دانانا تاجە گولینەیەکێ ئەڤ و هەر ئێک ژ مامۆستایێن ئولی ییێن موسلمانان و ئیزدی و کرستیان و دیسان ییێن پێکهاتەییێن دی ل بن سێبەرا ڕێزلێگرتنا مێژوویا بارزانیان و ڕابوونا وان یا نەتەوەیی.

عەربان ل پارێزگەها دهۆکێ و سێمێلێ پەیڤ پێشکیشکرن و دێ پەیڤێن خودا پەسنا خەبات و جانفیدایی و مەردایەتیا ڤان هەردوو مەزنان کر و گوت، وە ئەم فێری ژیاندوستی و کوردایەتی کرین و ئەم دبن ڤێ ڕەشمال و ڕێچکێ دا ئاڤاکرین کو چەوا چەپەرڤان بیین ژبو پاراستنا ئاخ و کەرامەت و ئارامیا هەرێما کوردستانێ دی هەرمینێ عاشق و شەیدا و ڕوح ل سەردەستێن ڤێ ڕیبازێ تا دوماهیکا ژیانا خو. خەلکێ پارێزگەها دهۆکێ و سێمێلێ سەرا توربا نەمران خەست.

بارودۆخی هەنووکەیی کوردستان و ڕایگەیاند:

دوای ئەنجامدانی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرکەوتنی بەرچاوی پارتیمان، پارتی گفتوگۆی لەگەڵ لایەنەکان لەسەر پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد. دوای ئەنجامدانی چەند مانگێک گفتوگۆ بە مەبەستی بەشداریکردنی هەموو لایەنەکان لە حکومەتی نوێ و بۆ هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز پارتی زۆر سەبری لەسەر لایەنەکان گرت بۆ ئەوەی هەموان پێکەوە لە گەڵ پارتی شان بدەنە بەربەرپرسیاریەتی و ڕۆڵیان هەبێت لە کابینەی تازەدا. دوای گفتوگۆکانیش تاڕادەیەکی زۆر لایەنەکان لەگەڵ پارتی هاتوونەتەپێش و پارتیش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیترنابێت پێکهێنانی حکومەت لەوەزیاتر دوابخرێت و پێویستە بەزووی پێکبێت بۆ زیاتر خزمەتکردنی کوردستانیان، بۆیە تاڕادەیەکی زۆر ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت لادراون.

دوێنێ، هیوا ئەحمەد مستەفا بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی و ئەندامی سەرکردایەتی، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد لە ناوچەی هەرێر.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشەلەیاد دەستی پێکرد. دواتر بەرپرسی لق سوپاس و دەستخۆشی ئاراستەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد و تیشکی خستەسەر ئامانجی کۆبوونەوەکە و ئەوەی هەموان پێکەوە لە گەڵ پارتی شان بدەنە بەربەرپرسیاریەتی و ڕۆڵیان هەبێت لە کابینەی تازەدا. دوای گفتوگۆکانیش تاڕادەیەکی زۆر لایەنەکان لەگەڵ پارتی هاتوونەتەپێش و پارتیش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیترنابێت پێکهێنانی حکومەت لەوەزیاتر دوابخرێت و پێویستە بەزووی پێکبێت بۆ زیاتر خزمەتکردنی کوردستانیان، بۆیە تاڕادەیەکی زۆر ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت لادراون.

بۆ خوێندنی ساڵی داهاتوو تەواودەکرێن دهۆک... دەست بە تەواوکردنی پرۆژەی 13 قوتابخانە کرا



لە پارێزگای دهۆک بۆ ئەمساڵ 13 قوتابخانەی نوێ دروست دەکرێن و بەرپرسێکی پارێزگای دهۆکیش دەڵێ، تا هەموو پرۆژەکان تەواو بکرێن پێویستمان بە 45 ملیۆن دۆلارە. عوسمان یونس، جێگری پارێزگاری دهۆک بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە سنووری پارێزگای دهۆکیش دەست بە تەواوکردنی پرۆژە ڕاگیراوەکان کراوە، بەڵام سەرەتا ئێمە دەمانەوێت ئەو قوتابخانانە تەواو بکرێن، کە پێشتر دەست بە دروستکردنیان کراوە و بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ڕاگیرابوون، ئێستا 13 قوتابخانە لە سنووری پارێزگای دهۆک پارەی پێویستیان بۆ تەرخان کراوە. جێگری پارێزگاری دهۆک گوتیشی: ئێمە لەگەڵ کۆمپانیاکانی جێبەجێکار گەیشتووینەتە ڕێککەوتن کە قوتابخانەکان تا سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن تەواو بکرێن، تا بۆ خوێندنی ساڵی نوێ قوتابیان سوودیان لێ وەربگرن، ژمارەیەک قوتابخانە هەن سێ دەوامیان تێدا دەکرێت، دەمانەوێ کێشەی سێ دەوامی چارەسەر بکرێت. عوسمان یونس ڕوونی کردەوە: زۆرن ئەو پرۆژانەی کارکردن تێیاندا ڕاگیراوە، چونکە ئێمە تەنیا بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان پێویستمان بە45 ملیۆن دۆلارە، هەوڵی زۆر هەیە بۆ تەواوکردنی خوێندرایەوە، هەروەها پ.د.قادر محەمەد حسێن ڕاگری کۆلێژی ئاداب وتارێکی پێشکەش کرد. دواتر پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لە وتارێکدا داوای لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر کرد کە لەوێدا ئامادەبوون بەشداری بکەن لەزانیاری بەخشین سەبارەت بە میژوو و شاری هەولێر کە تا ئێستا نەزاندراوە.

هەروەها نوێنەری پارێزگای هەولێر و پ.د. موحسین محەمەد حسێن و پ.د. محەمەد ئاکباش لە زانکۆی غازی عەنتابی وڵاتی تورکیا وتاریان پێشکەش کرد. ئەم کۆنفرانسە دوو ڕۆژ دەخایەنێ لە 10-11ی ئێسانی 2019 و خۆی لە 50 توێژینەوە دەنوێنێ بۆ 56 توێژەر کە جگە لەتوێژەرەانی زانکۆکانی کوردستان، توێژەرانی9 وڵات بەشداری ئەو کۆنفرانسەیان کردووە.

بەرپرسی لقی 24: تا ڕادەیەکی زۆر ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی نۆ لادراون



دوێنێ، هیوا ئەحمەد مستەفا بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی و ئەندامی سەرکردایەتی، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد لە ناوچەی هەرێر.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشەلەیاد دەستی پێکرد. دواتر بەرپرسی لق سوپاس و دەستخۆشی ئاراستەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد و تیشکی خستەسەر ئامانجی کۆبوونەوەکە و

ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت کۆنفرانسی (هەولێر لە سەرچاوە مێژووییەکاندا) بەڕێوەچوو



هەرێمی کوردستان خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی عێراق و کوردستان، لەپاشاندا چەند ئایەتێک لە لەقورئانی پیرۆز خوێندرایەوە، هەروەها پ.د.قادر محەمەد حسێن ڕاگری کۆلێژی ئاداب وتارێکی پێشکەش کرد. دواتر پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لە وتارێکدا داوای لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر کرد کە لەوێدا ئامادەبوون بەشداری بکەن لەزانیاری بەخشین سەبارەت بە میژوو و شاری هەولێر کە تا ئێستا نەزاندراوە.

هەروەها نوێنەری پارێزگای هەولێر و پ.د. موحسین محەمەد حسێن و پ.د. محەمەد ئاکباش لە زانکۆی غازی عەنتابی وڵاتی تورکیا وتاریان پێشکەش کرد. ئەم کۆنفرانسە دوو ڕۆژ دەخایەنێ لە 10-11ی ئێسانی 2019 و خۆی لە 50 توێژینەوە دەنوێنێ بۆ 56 توێژەر کە جگە لەتوێژەرەانی زانکۆکانی کوردستان، توێژەرانی9 وڵات بەشداری ئەو کۆنفرانسەیان کردووە.

بە هۆکاری نۆژەنکردنەوە ڕێگەیەکی نێوان گەرمیان و سلێمانی داخرا

خەبات- سەریە یوسف: بەهۆی کاری نۆژەنکردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگەی سەرەکی نێوان ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی داخراوەو تا کاتی تەواوکردنی هاوڵاتیان دەبێ ڕێگەیەکی تر بۆ هاتوچۆ بەکاربهێنن.

لەوبارەوە ڕائید ڕێژەن بورهان، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی شارۆچکەی دەربەندیخان، بەخەباتی ڕاگەیاند بۆماوەی چەند کاتژمێرێک ڕێگەی هاتوچۆی نێوان کەلار و دەربەندیخان بەهۆکاری نۆژەنکردنەوەی پردی دەرەدۆین داخرا. وتیشی: کاری نۆژەنکردنەوەی چاڵی وقیرتاوکردنی ڕێگاکە ئەنجام دەدرێ تا ئەوکاتە هاوڵاتیان دەتوانن لەڕێگەی مەیدان و بەمۆزە لەکەلار بێنەدەربەندیخان و سلێمانی بە پێچەوانەشەوە لەو دوورێگەوە هاوڵاتیان بچنە سنوری ئیدارەی گەرمیان. ئەو بەرپرسەی هاتوچۆ نەیشاردوە دوالافاوی ئەمساڵ زیانی زۆری بەو ڕێگایە گەیاند.

خاڵە بەکر، چیرۆکی نابینایەکی سەرکەوتوو

بووەتە چاوساغیی چاوساغەکان و کاری کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی دەکات

خاڵە بەکر پیاوێکی نابینای دانیشتووی شاری سلێمانییە، بەڵام نابیناییەکەی نەک نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانی ژیانیدا، بەڵکو بووەتە چاوساغیی چاوساغەکان و نزیکەی 20 ساڵە کاری کڕین و فرۆشتنی خانوو زەوی دەکات. بەشێک لەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن و ئەندامێکی جەستەیان بەهەر هۆکارێک لەدەستداوە، کەمئەندامییەکەیان نەبووەتە هۆی ئەوەی لە ژیاندا چۆکیان پێدابدات و لە ماڵەوە بمێننەوە و ژیانێکی ناهەموار بەڕێبکەن، بەپێچەوانەوە بونەتە نموونەی سەرکەوتنی ژیان و لە هەندێک بواردا زۆر باشتر لەو کەسانە کار دەکەن کە لەشساغ و تەندروستییەکی باشیان هەیە و کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە لە ژیاندا.



لە ساڵی 2000ەوە کاری کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی دەکات

بەکر عەلی ئەحمەد ناسراو بە خاڵە بەکری نووسینگە یەکێک لەو چیرۆکە سەرکەوتووانەیە کە وەک کەسێکی نابینا لە بواری خانووبەرە کار دەکات و ئەزموونێکی سەرکەوتووی لە کارەکەیدا هەیە. خاڵە بەکری تەمەن 56 ساڵان دەرچووی شەشی ئامادەییە و لە ساڵی 1993 بە هۆی نەخۆشییەکەوە بینایی چاوەکانی لەدەستداوە، ئەو لە ساڵی 2000ەوە دەستی بە کاری کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی کردووە و ماوەی 20 ساڵە بەردەوامە لەسەر کارەکەی و ئێستا ناوێکی دیاری شاری سلێمانییە لە بوارەکەی خۆیدا، بەجۆرێک زۆربەی نووسینگەکانی تری شارەکە ڕۆژانە پەیوەندییان هەیە لەگەڵی و پرس و ڕاوێژی پێدەکەن لەو بوارەدا. سەبارەت بە سەختی ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە بۆ کەسێکی نابینا کە دنیادا کە مرۆڤ دەیگرێتە دەست کەموکورتی و گیروگرفتی خۆی هەیە، گرنگ ئەوەیە خاڵە بەکر توانیویەتی هەر گرفت و کێشەیەک کە لەو بوارەدا ڕووی تێکردووە بە دڵێکی فراوانەوە چارەسەری کردووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە کێشەیەک بێتە هۆی ئەوەی کارەکەم بەجێبهێڵم، بەڵکو هەموو کات وەک نێوەندێک لە نێوان کڕیار و فرۆشیار مامەڵەم کردووە و نەمهێشتووە لایەکیان بە هۆی منەوە زیان بکات. ئەو هەروەها گوتی: ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجار دێنە ڕۆژانە پێویستی بە مامەڵەکردن و هاتن و ڕۆشتن و بینین هەیە و بۆ کەسانی چاوساغیش سەختی خۆی هەیە، خاڵە بەکر کە لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە دەستی بە کارکردن کردووە و هیلاکی و ماندوێتی بە ڕووخساریەوە دیارەو دەڵێت: هەموو کارێک لە دنیادا کە مرۆڤ دەیگرێتە دەست کەموکورتی و گیروگرفتی خۆی هەیە، گرنگ ئەوەیە خاڵە بەکر توانیویەتی هەر گرفت و کێشەیەک کە لەو بوارەدا ڕووی تێکردووە بە دڵێکی فراوانەوە چارەسەری کردووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە کێشەیەک بێتە هۆی ئەوەی کارەکەم بەجێبهێڵم، بەڵکو هەموو کات وەک نێوەندێک لە نێوان کڕیار و فرۆشیار مامەڵەم کردووە و نەمهێشتووە لایەکیان بە هۆی منەوە زیان بکات. ئەو هەروەها گوتی: ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجار دێنە نووسینگەکەم و دەزانن نابینام زۆر سەرسام دەبن و هەست دەکەم بەو حاڵەتەیان، دوای پێشوازیکردن و پرسکردن پێیان، ئەو خانووەی ئەو داوای دەکات بۆیان دەخەمە ڕوو، دواتر لەگەڵیان دەچم بۆ سەیرکردنی ئەو خانوو یان زەویە ، پاش گەڕانەوە زۆر بە سەرسامییەوە باس لە سەرکەوتن لە کارەکەم و نەبوونی هیچ کێشە و گرفتێک بە هۆی نابینایەکەمەوە دەکەن و دەستخۆشیم ئاراستە دەکەن.

لەنێو نووسینگەکەیدا

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/4/11 ژمارە (5727)

خواجە قادر هۆستانیی پێشمەرگە لە تەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد



خەبات- سەفەر یوسف میرخان

ژاوەکی: دوای ملمالانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی دڵسۆز خواجە قادر هۆستانی لە ناحیەی بلێ سەر بە دەڤەری بارزان کۆچی دوایی کرد، لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی جەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گۆڕستانی هۆستان سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1932 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی هۆستانی سەر بە دەڤەری بارزان لە دایکبووە و لەو تەمەنە دابووە کە لەگەڵ بنەماڵەی ئاوارەی تورکیا بوون، ساڵی 1945 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەیی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبن و بڕا قارەمانەکانی ماڵخۆ هۆستانی و زاهیر هۆستانی ڕۆژلیان هەبووە لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بۆ ماوەی تاکو نسکۆی شۆڕش یەکێک لە پاسەوانەکانی نزیکی بارزانیی نەمر بووە و بەشداری لە شۆڕشی گوڵان کردووە و کۆڕەکانی پێشمەرگەنە و هەروەها کۆڕی گیانفیدا سەردار خواجە هۆستانی یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بۆ سۆڤیەتی جاران، هەتا گەورە بوونی زۆر زەحمەت و ئاوارەی دەبینی، خوالێخۆشبوو لەگەڵ براکانی و کەسوکاری دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و لە پێشمەرگەی تێکۆشەر کە لە چەند داستان بە سەختی بریندارببووە، 3 لەبراکانی ئەنفال بوون لەگەڵ بارزانییەکان لە ساڵی1983 لە لایەن ڕژێمی بەعس.

خوالێخۆشبوو دوای ڕاپەرین و ئاوارەیی دەگەڕێتەوە کوردستان و لەگوندی هۆستان نیشتەجێ دەبێت ولەبەر خەباتی دەبێتە خانەشینی پێشمەرگە، خوالێخۆشبوو ماوەی چەند ساڵ لە بەرخەبات و قارەمانیەتی هەردوو چاوەکانی لە دەستدابوو و تووشی نەخۆشی ببوو و لە تەمەنی 87 ساڵی کۆچی دوایی کرد.

پرسەکە: لە هۆڵی ڕێزەکانی ناحیەی بلێ سەربەدەڤەری بارزانە.

هەولێر... نەشتەرگەرییەکی ناوازە بۆ منداڵێکی شەش ساڵان ئەنجامدرا



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: فاخیر کرمانجی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ڕونیکردەوە: لەچوارچێوەی ئەو نەشتەرگەریە دەگمەنانەی کە لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت، دوێنێ نەشتەرگەریەکی دەگمەن بۆ منداڵێکی تەمەن 6 ساڵان لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری و لە بەشی لوت و قورگ و گوێ بوو، ئەویش نەشتەرگەری گرێیەکی گەورەی 10 سم بوو کەتبووە لای چەپی ملی کە لە دەمەوە لە ڕێگەی نازور توانرا ئەو گرێیە دەربهێنن، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە باری تەندروستی ئەو منداڵە باشە.

زاخۆ... بە هۆی پەکەکەوە گوندە مەسیحینشینەکان چۆڵ دەکرێن

نوێنەرێکی مەسیحییەکان دەڵێ، پەکەکە لەناو گوندە مەسیحینشینەکان خۆیان حەشار دەدەن و تورکیاش بۆردوومانیان دەکات، بۆیە گوندێکی مەسیحی چۆڵ کراوە و مەترسی لەسەر گوندەکانی دیکەش هەیە. وەحیدە یاقۆ هورمز، نوێنەری مەسحییەکان لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و دانیشتووی زاخۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پەکەکە لە گوندەکانی سنووری زاخۆ، ئەوانەی مەسیحینشین، دەچنە ناو ماڵان و خۆیان حەشار دەدەن و تورکیاش بۆردوومانی گوندەکان دەکات، هەر لەبەر پەکەکەش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر خانووی هاوڵاتییەکی مەسیحی لە گوندی شارانش بۆردوومان کرا و بەو هۆیەوە ترس و دڵەڕاوکێی زۆر دروست بوو و مەسیحییەکان ئەو گوندەیان چۆڵ کرد و ئێستاش ئاوارەی زاخۆ و دەوروبەری بوونە و پێویستیان بە هاوکاری هەیە.

هورمز گوتیشی: مەترسیی چۆڵبوونی سەرجەم گوندە مەسحینشینەکان هەیە لەسەر سنوور، بۆیە ئەگەر پەکەکە لەو ناوچانە دوور نەکەوێتەوە، خەڵکەکە ناچارن گوندەکان چۆڵ بکەن، چونکە بەزۆر دەچنە ناو ماڵی خەڵکەکە و ئەوانیش توانایان نییە دەریان بکەن.

بەڕەسمی لقی 11 پشتیوانی خۆی و لقی بۆ قوتابیانی زانکۆ دووپاتکردەوە



ڕێکەوتی 2019/4/8 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای لق لە ڕانیە پێشوازیی کرد لە گرووپی هاوکاریی زانکۆی ڕاپەڕین. لە دیدارێکدا باس لە ڕەوشی پڕۆسەی خوێندن بەگشتی و خوێندنی باڵا بە تایبەتی و زانکۆی ڕاپەڕین کرا. بەرپرسی لقی11ی پارتی ستایشی گرووپی هاوکاریی زانکۆی ڕاپەڕینی کرد کە خۆبەخشانە خزمەت دەکەن لە پێناو سەرکەوتنی پڕۆسەی خوێندن و زانست و پشتیوانیکردن لە مافەکانی قوتابیانی زانکۆی ڕاپەڕین، هاوکات هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و پشتیوانی خۆی و لقی11شی بۆ دووپاتکردنەوە.لەلایەکی دیکەوە و هەمان ڕۆژ بەرپرسی لقی11ی پارتی و شاندێکی یاوەری لە شاری ڕانیە، لاوی هەڵبژاردووی و پاڵەوانی لەشجوانی کارزان ئەحمەدی بەسەرکردەوە کە لە پاڵەوانێتی لەش جوانی لە بەغدا پلەی یەکەمی بە دەست هێناوە. بەرپرسی لقی11ی پارتی وێڕای دەستخۆشی، ناوبراوی خەڵاتکرد و هیوای سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامی بۆخواست.

هەولێر.. 35ەمین پێشانگای ساڵانەی پەروەردەی پیشەیی دەکرێتەوە



بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، 35ەمین پێشانگای ساڵانەی خۆی دەکاتەوە.

بڕیارە کاتژمێر 10ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو 2019/4/15 بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، 35ەمین پێشانگای ساڵانەی خۆی لە گەلەری کۆچێرای گەڕەکی ئازادیی هەولێر بکاتەوە، هەروەها پێشانگەکە بۆ ماوەی 4 ڕۆژ و تا 2019/4/18 بەردەوام دەبێت.

پێشانگەکە بەیانییان لە کاتژمێر 9 تا 12ی نیوەڕۆ کراوە دەبێت، پاشان لە کاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆ تا 7ی ئێوارە بەڕووی هاوڵاتییاندا کراوە دەبێت. لەو پێشانگایەدا بەرهەمەکانی هونەری دارتاشی، سیرامیکی سارد، سیرامیکی گەرم، کانزاکان و گوڵ نمایش دەکرێن، هەروەها بەرهەمەکانیش بۆ فرۆشتن.

پرسەنامە

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵی خوالێخۆشبوو کەمال ئامێدی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کادیر و پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان،تێکۆشەر و دڵسۆزی پارتی و ڕێبازی بارزانی، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتیمان (کەمال ئامێدی)مان پێگەیشت. هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

شێخان... ترومبێلەکا بارهەلگر وەرگەریا

خەبات- ئالان شەهاب: بەرپرسێ بەشێ ڕاگەهاندنا هاتنچوونا قەزا شێخان، دلشاد مەحەمەد ب خەبات ڕاگەهاند: ڕۆژا چار شەمبی ل دەمژمێر 12:30 نیڤرو ل جادا سەرەکی یا دناڤبەرا قەزا شێخان بو کومەلگەها چرە ل بەرامبەر کومەلگەها مهەت ڕویدانەکا ژ جورێ وەرگەریان پەیدا بویە کو ترومبێلەکا بارهەلگر ژ جورێ مارسیدس قلاب لبن کونترولا شوفێری دەرکەفتی یە و وەرگەریایە و دئەنجامدا کەسەک بریندار بو و زێدەباری زیانێن ئابوری ژی گەهشتن ترومبێلێ.

کلیلی دەیان خانوو دانداراوە

خاڵە بەکر ڕۆژانە لە نووسینگەکەی لە گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانی سەرقاڵی زۆری هەیە و بەردەوام بە سێ ژمارە مۆبایل و تەلەفونێکی نۆرماڵەوە سەرقاڵی وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکانە یان بۆ خۆی پەیوەندی دەکات، بابەتی هەموو ئەو پەیوەندییانەش تایبەتە بە کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو یان زەویییەکەوە. لەنێو نوسینگەکەیدا کلیلی دەیان خانوو دانداراوە، ئەو تەنها بەدەستلێدان و گەڕان بەناو کلیلەکاندا دەزانێت هەر کلیلێک هی چ خانوویەکە و لە چ ناوچەیەکە، بەردەوام لە چوونە سەر خانوو زەویییەکانیشدا ئەو چاوساغی کرپار و شۆفێرەکانە و بە ئاسانی ناونیشانی خانووەکان دەدات و تەنها یەک جار ناونیشان و شوێنی خانوو زەویییەکان لە میشکیدا تۆمار دەکات و دواتر زۆر بەئاسانی بە بیری دێتەوە. ئەو باس لەوەش دەکات، ئێستا لەنێو نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە لە سلێمانی ناوبانگێکی دیاری هەیە و ڕۆژانە سێ هێندەی نووسینگەکانی تر کرپار و فرۆشیار سەردانی دەکەن بۆ کڕین و فرۆشتنی خانوو یان زەوی و بەکرێدانی. دوای گۆڕانکاری لە سیستمی مووچە و هەڵگرتنی سلێمانی تا ڕادەیەک گۆڕانکاری دروستکردووە، بەڵام گۆڕانکارییەکی هێندە زەق و دیار نییە، ئەوەی هەیە بەراورد بە پێنج ماڵگی ڕابردوو تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەر هاتووە و خەڵکێکی زیاتر سەردانمان دەکەن و نرخەکانیش بەپێی شوێنەکان تا ڕادەیەک بەرز بووەتەوە.

گرینگیی زۆر بە کاری ڕۆژانەی دەدات، بەتایبەتی لەشجوانی

خاڵە بەکر جگە لە هەڵکشانی تەمەن و سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی بە کڕین و فرۆشتنی خانوبەرەوە، بەڵام گرنگی زۆر بە ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەشی دەدات و هەوڵ دەدات لە پۆشینی جلوبەرگ و سیمایدا بە جوانی دەربکەوێت، هەروەها ڕۆژانە سەردانی هۆڵی لەشجوانی دەکات و بۆ تەندروستی و جەستەیەکی ڕێک وەرزش دەکات.

لە بواری پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شارەزایی باشی هەیە و بۆ خۆی ڕۆژانە کاری مۆبایل و بەکارهێنانی فەیسبوک و فایبەر و ئالۆگۆڕی وێنە ئەنجام دەدات

داواکاریی هاووڵاتیان

بۆ بەرچاوی بەڕێز وەزیری شارەوانی

داواکارم چاو بە داواکارییەکەمدا بخشێنن

هاوڵاتی عومەر ڕەشید حەمەد داواکارییەکی گەیاندە ڕۆژامەکەمان و داوای کرد کە داواکەی بۆ بڵاوبکەینەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ڕۆژنامەوە ببیندرێ، ئەمەش دەقی داواکارییەکەیە:

من هاوڵاتی عمر ڕشید حمد ساڵی 1955 لە هەولێر لەدایک بوومە، هەر لە هەولێریش دادەنیشم، ساڵی 1977 بەشی پاراستنی ڕووەک- کۆلیژی کشتوکاڵیم لە زانکۆی بەغدا تەواو کردوو و بووم بە ئەندازیاری کشتوکاڵ، ساڵی 2009 لە ڕێگەی سەندیکای ئەندازیاران پارچە زەوییەکم بە ژمارە 1735 بۆ دەرچوو، بەڵام لەگەڵ کرێچییان لە میراوەی شەقلاوە بۆم دیاریکراوە، لەکاتێکدا شوێنی لەدایک بوون و نیشتەجێبوونم هەولێرە، دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەت لە شەقلاوە ئاگادارن کە ئەو کێشەیەم هەروەک خۆی ماوەتەوە، وێڕای ئەوەی چەند ساڵێکە داوا دەکەم بۆم بگوازرێتەوە شوێنی لەدایک بوونم وەک هەموو ئەو خەڵکانەی لە هەولێر وەریان گرتووە، زۆر هەوڵم داوە، بەڵام هەر فەرمانگەیەکی پەیوەندیدار کە سەردانم کردبێت، دەڵێن دەسەڵاتی وەزیری شارەوانییە، هەوڵم داوە کێشەکەم بگەیەنمە جەنابی وەزیری شارەوانی، بەڵام تا ئێستا، وێڕای چەند هەوڵێک، دەرفەتیان بۆ نەڕەخساندووم کە کێشەکەم بگەیەنمە دەستی جەنابی وەزیر، لەبەرئەوە ناچاربووم کێشەکەم لەم ڕۆژنامەیە بخەمە ڕوو، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیری شارەوانی دەکەم چاو بە داواکارییەکەمدا بخشێننەوە و شوێنی پارچە زەوییەکەم بۆ بگۆڕن لە گەڵ ڕێزمدا.

عمر ڕشید حمد

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/4/11 ژمارە (5728)
خەبات

لەم سەردەمەدا هێزی سیاسی، لەهێزی قسەکردنە



غازی حەسەن

دەورووبەری قسەکردن لە(کات و شوێن)، باری دەروونی و دۆخی پێکهاتەی قسەکەر شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینەکان و مەبەستەکان کاریگەریان لەسەر شێواز و نێوەرۆک و پەیام و کارتێکردنەکانی قسەکردنەوە هەیە. لەهەر سەردەم و قۆناخێکی سیاسی جیاوازیشدا قسەکردن شێوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لەسەردەمی خەباتی چەکداریدا هێزی هێزدار و ڕەبایەگرتن و چەکردنی جاشێک و فڕێدانی نارنجۆکێک پێش هێزی قسەکردن بوو، لەسەردەمی ڕاپەڕین هێزی خەڵک، پێش هێزی چەکدار و ڕێکخراوەی لایەنە سیاسییەکان بوو. لەدەنگداندا هێزی دەنگ، پێش هێزی چەکدار و ئاسایش و هەڕەشە و گوڕەشەیە.

لەسەردەمی دیموکراسیدا هێزی قسە پێش هێزەکانی دیکە دەکەوێت، چونکە دەرفەت و زەمینەی قسەکردن و بەکارهێنانی هێزی بیروڕا و ئالوگۆڕی بۆچوونەکان و پڕۆژە فکرییەکان، پێش هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی هێزە چەکدارەکان و فشاری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی دێت. لەم قۆناغەی کوردستانیشدا هێزی قسەکردن چۆن دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕوون و کورت و پوخت مەبەستەکان بگەیەنێت؟ و کاریگەری لەسەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە و کەسایەتی خەڵک و بەدیهێنانی ڕای گشتی دروست بکات؟!.

بۆ نموونە لەدوو هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستاندا لایەنە سیاسییەکان (نەتەوەی و لیبرال و ئیسلامی و چەپ) لەتەک هێزی قسەکردن و گوتاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ جەماوەر، کۆشاون بەشێوەیەک لەشێوەکانیش هێز، بەواتای (هێزداری) و (باکگراوندی کۆمەڵایەتی هێزدار) و (هێزی ناوچەگەری) و (هێزی تەقاندنەوەی دۆخ و هەلومەرجی سیاسی) و (هێزی باکگراوندی چەکداری و میژوویی).. تاد بەکاربهێنن. بێگومان لەبەرانبەر ئەوانەشدا سەردتایەک دروست بووە، بانگەشەی کۆتایی هاتنی ئەم چەشن و شێوازەی حزبایەتی و دابەشبوون و چەمکە هەڕەشە ئامێزەکان دەکات، کە بەهێزی هێز و عەقڵیەتی تۆڵەکردنەوە و کاردانەوەی تووندی خراپ و جۆرێک نیەت و تامی هەڵسوکەوتی سەردەمی شاخ بەرێوەدەچێت.

ئەگەر هێزی سیاسی لەقسەکردن نەبووایە، دەبووایە بارودۆخی نێودەوڵەتی بتەقیبایەوە، ڕووسیا و ئەمەریکا تووشی جەنگ ببوونایە، بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا سەنگەریان لێک بگرتبایە. سعودییە قەتەری داگیربکربایە. لەهەمان کاتدا لۆژیکی بەکارهێنانی هێزیش هێشتا ماوە. کێشەکانی ڤەنزیوللا، کێشەی لوبنان و یەمەن و سوریا و ڕۆژئی ئێران لەناوچەکە و کێشەی پاکستان و هیندستان و هێرشەکانی میامار و پەلاماوەکانی تورکیا بەکارهێنانی هێزی هێزدار لەبالابوونە.

واتە هێزی قسەکردنی پشت ئەستور بەلۆژیکی لێکگەیشتن و مەیلی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی هێزدار بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکییەکان بەدی دەکرێت، ئاسایی ئەم واقیعە لەنێوەخۆی کوردستانیشدا لەلایەن گروپ و لایەنە سیاسییەکاندا بەدی بکرێت.

هەندێک لایەن هەر ڕۆژە بەشێوەیەکی جودا دەیەوێت لەجیاتی هێزی قسەکردن، لەپەنای هێزی قسەکردنەوە دۆخەکە بەڕەو بەکارهێنانی هێزی فیزیکی دەبات، بۆ؟ چونکە پابەستبوون بەبنەماکانی دیموکراسی لاوازە. پابەستبوون بەبنەماکانی شارستانی و سیستەمی پەیوەندیکردنی نوێ و پێکهاتەی شار و وابەستە بوون بەهێزی دەنگدان و دانان بەگۆڕانکاری لەپارسەنگی هێز و قبوڵکردنی شکان کزە.

گرفتی لایەنەکان لەناکۆکی و پێشکەشکردنی پڕۆژەی سیاسی نییە، لەبنەڕەتدا کێشەکانیان پەیوەستە جیاوازی نەکردن لەنێوان بەکارهێنانی لۆژیکی (هێزی قسەکردن) و (بەکارهێنانی هێز). ئەمەش بنەمای گوتارە. ئایا لایەنە سیاسییەکان چۆن بیر لەبەکارهێنانی هێز لەنێو گوتارەکانیان دەکەنەوە؟.

لەئەنجامەکەی ڕکابەرەکەی دەکاتە خاوەنی شەرعیەتێکی پتر.

ئەم سەردەمە تایبەتە بەهێزی قسەکردن، ئەو لایەن و گروپ و کەسانە دەبەنەوە، کە هێزی قسەکردن و لۆژیکی قسەکردنیان بەهێزە، نەک پێچەوانە. ئەم هەلومەرجە پەیوەستە بەهێزی کردەی پەیوەندیکردن و هوشیاری خەڵک و خێرایی لەدەستکەوتنی زانیاری لەڕێگەی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بێ سانسۆر و بێ دەستکاری کردن و بێ لایەنگیریی لەهەواڵ و بابەتەکان و مەبەستەکانیان لەگوتاردا.

مەبەستمان ئەوەیە لەڕێگەی قسەکردنەوە چەندیش تووندبین، هێشتا دەرفەت و زەمینەی لێک تێگەیشتن گیانی تێدا ماوە، بەڵام لەیەک چرکەی بەکارهێنانی هێزی جەنگ و شەڕدا متمانەی سەدان ساڵ هەڵدەوەشێتەوە. مەبەستمان ئەوەیە بڵێین بەکارهێنانی هێزی قسەکردن و کارتێکردن لەڕێگەی پەیڤین و بەدیهێنانی مەبەستەکان لەڕێگەی گوتارەوە دەرفەت بۆ سڕینەوەی ناکۆکی و کەمکردنەوەی دژایەتی و سڕینەوەی ڕقلێبوونەوە و نەهێشتنی بەرنامەی تێکدانی هەیە، بەپێچەوانەشەوە بیرکردنەوە لەبەکارهێنانی هێزی هێزدار، کۆنترۆل لەدەست دەدات، بیرکردنەوە لەچارەسەر قورس دەبێت و ئاڵۆزییەکان ئاڵۆزتر و گرفتەکان گرفتدارتر دەبن، ئەوەی بەم ئاراستەیەشدا بیر بکاتەوە دەبێت بەگژ بنەما و سیستەم و شێوازەکانی ئەم سەردەمەدا بچێتەوە.



زەهایمەری سیاسی



د.مستەفازەنگنە

لەدوای لەناوبردنی حوکمی مەلەکی،ئیتر گلۆڵەی ئەم وڵاتە کەوتە لێژی،ڕۆژلەدوای ڕۆژۆ ساڵ لەدوای ساڵ،ئیمەی کورد لەباتی ئەوەی لە ئازادی و مافەکانمان نزیک بینەوە،تادێ بەڕەو نەهامەتی زیاتر ئەچین،،لەهەموو سەردەمی حوکمڕانی مەلیکاتیدا تاوەکو 1958ژمارەی کوشتن و لەسێدارەدانی هاوڵاتیی کورد نەیکردۆتە قوربانییەکانی ساڵێکی حوکمڕانیی عبدالکریم قاسم یان سەدام یان احمد حسن بکر یان مالکی یان عەبادی..

لەدوای مەلیک سیاسەتی حکومەتەکان بەبێ جیاوازی سەبارەت بەمافی کورد،هەر کوشتن و سووکایەتیپێکردن و بەکەم زانین و نانبڕین و مافخواردن بەوڵاوە هیچی کە نەبوونە..لەدوای مەلیک..ئیتر دزی دنیا جەردەی دنیا پیاوکوژی دنیا دکتاتۆری دنیا درۆزنی دنیا،ڕووی کردە ئەم وڵاتە،،لە سااڵی 1958عبدالکریم قاسم هات و کورد نییەتی باشی دەرخست کەچی ئەو بە هێرشی سەربازی و بۆردومانکردنی کوردستان ڕێزی لەکورد گرت،احمد حسن بکر هات و کورد تەوقەی لەگەڵا کردو لەگەڵی ڕێکەوت،کەچی هەڵگەڕاوەو وەکو دووپشکە دایە کوردەوە،سەدام هات و کورد نییەتی باشی لە بەرامبەر دەربڕی و جلێ کوردی لەبەرکردو وەعدی دا فێری زمانی کوردی زێت،کەچی بووە زەهرو ڕشایە سەر گوندو شارو میللەتی کوردا،یاوەر هات و ژنفان داپێی هەرناوی کوردی نەهێنا،عەلاوی هات وئای داوەتی چەوری خواردو تەنها فشەنەبێ هیچی بۆکورد نەکرد،چەلەبی هات و لەمەسیف دانراو خزمەتکرا کەچی قەرزی خەڵکی کوردی خواردو کوردی بە ڕەسیدی بانکەکان گۆڕییەوە،،کورد دەنگی دایە مالکی کەپێشترولەسەردەمی بەعسدا، کوردستان دالدەی داوبوو و لەزانکۆی سەلاحەدین هەولێر ماستەری خوێندو و کوردێک سەرپەرشتی نامەکەی کردو لەهۆڵی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان وتارێکی داو درۆو وەعد نەما نەیدا بەکوردکە من خۆم لەوێ بووم،کەچی هەر کەدەسی داریگرت،کەوتە وێزەی کورد،ڕێزی واژۆی خۆی نەگرت کووەتای دژی کورد کرد،مەعاشی کوردستانی بڕی دراوسێکانی لێ هارکردین، داعشی بۆ هاورە کردین.. عەبادی هات و کورد دەنگی بۆ دا،یەک خەرمان درۆی بریقەداری کرد،پێشمەرگە بەهاوشانی عەسکەر شەڕی داعشی کرد،کەچی لەکورد هەڵگەڕاوەو هێرشی سەربازی کردە سەر کوردستان و بەفیشەکی عەسکەر پێشمەرگەی شەهید کردو دەبابەی نارد سەر منارڵ و ژنی کوردو مەرامی بوو ئەم کیانەش نەهێڵێ و هەوڵیدا کورد دابەش بکات.

ئێستاش ئەوانەی باسم کردن چ مردووەکانیان نەخێر لەخۆ زیندووەکانیان نەخێر لەخۆ دەبین نەمێژوویەکی شەرەفمەندیان بۆ خۆیان تۆمار کردکە دانی خێریان پیا بنرێت؟،ئەوانە کوردیان لەخۆیان کردو ڕۆژێک دێت هەربەدەستی خودی عەرەب بزانە چۆن ڕسوا دەبن، چون کورد پێشمەرگەو خوداو چیای هەیە،بزانە چۆن دەبنە پەندی زەمانەو،گەورەو بچووک نەعلەت بوویان دەکات،ڕاستە کورد زەرەری بینی،بەڵام زەرەری گەورە ئەوان دەیکەن،چون حاکمی درۆزن و زاڵم و دزو گەندەڵ و بێ وەعد لەهەرشوێنێکی دونیادا بێت،ئەوا ئەو پەندە کوردییە تیماری دەکات کەدەڵێ. (خودا هەقی بزنی کۆڵ بەسەرشاخدارەوە ناهێڵێت) بنۆڕن هەواری بومدیەن ی سەرۆکی جەزایر کە سەدام و شای پێک گەیاندو ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزایری دژی کوردو شۆشی کوردی لێ پەیدا بوو،،بزانن خوا چیی بەسەرهێنا؟ تووشی دەردێ بوو دەرمانی نەبوو،چوارساڵ بێهۆش بووبە دڵۆپ ئاویان ئەتکانە دەمی،ڕۆژانە وەکو منالێ ساوا،دایبیان پێی هەڵدەگرت،، ببینن سەدام ی فاشی بەچ دەردێ چوو،نەخۆی نە کوڕی نە ئامۆزاکانی نەمان،ژن و کچەکانی ڕەهەنەی شاران بوون،خوای کوردو نزای ژن و منالێ ئەنفال و کیمابارانو تەعریب، وایلێکردن هەر ئەوپاشایانە ڕسوایان بکەن کە ڕۆژانێک خۆیان ئەمانیان هێناو دەسەڵاتیان دانێ.

..بڕوا بکەن خۆ من ئەزانم کورد دەسەڵاتی ئەوەی نابێت دوژمنانی خۆی سنک بکات و لەناویان بەرێ بەڵام خوای کورد،ئاهی کورد،عەدالەتی تەبیعەت و کردگار،کارێ بەو مالکی وعەبادییە دەکات سەت قات لەوانەی هەواری بومدیەن و شای ئێران و سەدام و عبدالکریم قاسم ناشیرینتر بێت،،..کورد میللەتێکی مەزڵوومەو،ئەوانیش تاکە کەسێکی بێ وەعدو تووندڕەوو غەدر کەرن، بابزانین لەسااڵنی داهاتوودا زەمەن چۆن ئەم دوو ڕاستییە دەخوێنێتەوە..کێ پەیکەری کۆڵنەدان و کێش لیستی ڕەشی زەمەنێکی ڕەشی بۆ ئەکرێتە میژوو..؟؟

زۆر ناشیرینە کەسێک دکتۆربێت و دنیای دەرەوەی دیبێت و میللەتێک پشتی بگرێت،کەچی ئەو بەدوژمنایەتی و لەناوبردن پیاوەتییان بداتەوە!،،بەڵام وەکو ئەوان تاسەرئێسک دوژمنی کوردن،ئەوا کوردیش تاسەر ئێسک هێشتا فێری ئەلف و بای سیاسەت نەبووەو،تا ئێستاش نازانێت سیاسەت بەواتای ڕسواکردن دێت نەک هونەری مومکینات..

ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەش تێ پەڕین و کوردیش هەر ما،،جاتۆ بڵێی دکتۆرمالکی ودکتۆر عەبادی بتوانن چارەسەری نەخۆشیی دژەکوردی خۆیان بکەن،،یان بڵێی ڕووبان هەبێت جارێکی تر بێنە کوردستان؟ یان بڵێی سەرکردەکانی کورد ڕۆژێک بێت و پێشوازی لەو بێ وەعدو درۆزنانە بکەن و سفرەیان بۆ بڕازێننەوە؟بۆ نا؟؟ گەرچی بۆم دەرکەوتووە ئێمەی کورد زاکیرەی میژوومان لەخوار سفرەوەیەو سااڵنێکە تووشی زەهایمەری سیاسی بووینە بەبێ ئەوەی زاکیرەی خۆ خۆری لەدەس بدەین؟!. سەبارەت بە عادل عبدالمهدی

خواهەڵناگرێ بەجل و سەرو بەستی کوردییەوە دیومە،ئیتر دەسی خۆم بۆن نەکردووە بزانم چی بۆکورد ئەکا،تەنها لەوەی دەترسم سااڵنێکی زۆر لەحزبەکەی مالکی و عەبادیدا بووەو زۆربرادەری ئەو دووانەی کردووە،خۆ ئەگەر خووی ئەوانیشی نەگرتبێ زۆر ئەترسم ڕەنگی ئەوانی گرتبێت!!.





مەریوان نەقشبەندی*

کاتێک باوەڕدارانی ئاینەکان دەبنە پەیامبەری مرۆڤایەتی

لەهێرشێکی چەکدارە ئیسلامیەکانی نەیجیریا بۆ سەر گوندێکی زۆرینە مەسیحی لەناوەڕاستی ئەو وڵاتە لەناوەڕاستی ساڵی ڕابردو بەدەیان کەس کوژران و زیاتر لە 300کەسیش لەمەسیحیەکان هەڵاتن بەڕەو گوندێکی نزیک لەگوندەکەی خۆیان کەزۆرینەیان موسڵمان بوون و لەوێ 262کەسیان چونە ناو مزگەوتێک و ئیمامی مزگەوتەکە هەمووانی دالدەدا و سەرەڕای ئەوەی چەکدارە ئیسلامیەکان هەڕەشەی سوتاندنی مزگەوتەکەیان دەکرد ئەگەر ئەو مەسیحیانەیان تەسلیم نەکات بەڵام ئیمامی مزگەوتەکە ڕازی نەبوو ئەو مەسیحیانە بداتە دەست ئەو چەکدارانە و لەگەڵ چەند موسڵمانێکی تری نیشتەجێی نزیک مزگەوتەکە چونە دەرەوە و لەبەردەرگای مزگەوتەکەدا وەستان و بەچەکدارەکانیان گوت ئەم کەسانەی هانایان بۆ ئەم مزگەوتە هێناوە ژن و منداڵ و پیر و خەڵکی بێ تاوانن بۆیە دەبێ بەسەر لاشەی ئێمەدا ڕێگە بڕۆن ئەو مەسیحیانە بکوژن"بۆیە چەکدارەکان لەدەرووبەری مزگەوتەکە پاشەکشەیان کرد و ڕۆیشتن دوو کەنیسەی نزیک مزگەوتەکەیان سوتاند و بۆ ماوەی 5ڕۆژ ئەم مەسیحیانە لەناو مزگەوتەکە و مالی مەلای مزگەوتەکە مانەوە تا دواتر بەڕەو کەمپێکی پەنابەران گوازرانەوە"کاتێ میدیاکان پرسیاریان لەم ئیمامە کرد بۆچی بەم شێوەیە پاریزگاریت لەو مەسیحیانە کرد لەوەڵامدا گوتی :مەسیحیەکانی ئەم گونده 40 ساڵ لەمەوپێش مۆڵەتی کردنەوەی ئەم مزگەوتەیان پێداوین و زەوی ئەم مزگەوتەیان بەبێ بەرامبەر پێبەخشین لەکاتێکدا ئێمە تەنها 40 - 30موسڵمان لەم گونده دەژیاین بۆیە بەها ئەخلاقیەکانمان ڕێگەی نەدابن ڕازی بین بە بەدەستەوەدانی ئەم مەسیحیانە بەو چەکدارە ئیسلامیانە.دەکرێ ئەم نمونەیە لەلێبوردەیی و هەستی مرۆڤایەتی بکرێتە ئەزمونێک بۆ هەموو باوەڕدارانی ئاینەکانی جیهان و لەجیاتی ئەو شاڵاوی تۆڵەکردنەوە و کەراهیەتەی ماوەیەکە بەهۆی کردەوەکانی تیرۆرستانی داعش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی دنیا روودەدات و لەبەرامبەریشدا خەڵکی تریش کاردانەوەی ئەم کارانە بەکردەوەی تری تووندڕۆیی و تاوان وەڵام دەدەنەوە وەک ئەوەی لەهێرشەکەی سەر دوو مزگەوتەکەی نیوزیلەندە و دواتریش لەپەلاماردان و سوتاندنی چەند مزگەوت و سەنتەری ئیسلامی لەئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئەوروپی ڕویاندا.دەرکێ ئەم جۆرەی لێبوردەیی و بەکارهێنانی بەها ئەخلاقیەکانی مرۆڤ بخرێتەگەڕ و ئەمەش بکرێتە پردنسیپی پێکەوەژیان هەر لەقۆناخی سەرەتاییی پێگەیشتن و فێرکردنی منداڵانەوە هەتا دەگاتە زانکۆ و پەیمانگە و هەموو دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ئەوەی چیتر لەسەر بنەمای ئاینی و باوەڕداریی مەزهەبی کارەسات بەسەر کۆمەڵگەکاندا نەیەت و ئاشتی و خۆشەویستی جێگەی کەراهیەت بگرێتەوە.

* بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی وەزارەتی ئەوقاف.


شەهیدی فەرمانده(خالد ئازگەیی)


شەهیدی فەرمانده (د.سەعید ئەحمەد نادر)


شەهیدی قارەمان(محەمەدئەمین بابکەیی)


شەهیدی قارەمان(عەلی سلێمان بابکەیی)

یادی 28 ساڵەی داستانی پڕسەروەری کۆڕێ لە بیرەوەری بەشداربووانیدا

سەرکەوتنی پێشمەرگە لە داستانی کۆڕێ، لەخیاڵ و مەزندەی دوژمندا نەبوو



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

داستانی شەڕی کۆڕێ کە لە سەرەتایی مانگی نیسانی ساڵی 1991دا بەرپا بوو، لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ئەفسوناوی توانیان بە سەر سوپای دوژمندا سەرکەون، بەمەش پارسەنگی هێز بە قازانجی هێزی گەلەکەماندا شکایەوە و باروودۆخی نالەبەرای ئەوکات،(پاش داگیر کردنی هەولێر و کۆچبەری ملیۆنیی خەڵکی کوردستان) بەرەو ئارامی وهێمنی لەنگەری گرت. داستانی پڕ سەروەری (دەربەدنی کۆڕی) لە دوو قوناغدا واتا لە دووشەڕی جودادا بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکلا بووە، سەرەتا واتا لە شەڕی یەکەمدا 7/4/1991 پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی (هێزی بارزان و پێشمەرگەکانی لقی 2میحوەری هەولێر) بە ئەمر و بروسکەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، هێلی بەرگرییان لە دەربەدنی کۆڕێ دامەزراندن و لە شەڕێکی چارەنوسسازدا دەستەویەخە بەرەنگاری سوپای رژێمی سەدام بوونەوە و لە و رۆژەدا 7/4/1991 سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەیان بەدەست هێنا. ئنجا لە رۆژی 11/4/1991لە قۆناغی دووەمی داستانەکە واتا لە شەڕی دووەمی کۆڕێدا، پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستان هاوکار و هەماهەنگی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و لەم رۆژەدا دووبارە سەرکەوتنێکی مەزنیان بەسەر سوپای عێراقدا تۆمار کرد، ئینجا رژێمی بەعس داوای ئاشتی و گفتوگۆی کرد. لە 28ساڵیادی داستانی مەزنی (دەربەندی کۆڕێ)، لەسەر زاری بەشداربووانی ئەم داستانە مەزنە (کە پێشتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە) یادەوەرییەکانیان بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی خەبات دەخەینە روو.

مانگی 4ی ساڵی 1998 لەچاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ فەرماندەیی خوالێخۆشبوو (د.سەعید ئەحمەد نادر)، ئەوکات کە ژیاندا مابوو، لەبارەی یادەوەرییەکانی لە شەڕی دووەمی داستانی کۆڕێدا گوتی:

دوای ئەوەی شەڕی یەکەمی کۆڕێ کۆتایی هات، هێزی حزبەکانی دیکەی بەرەی کوردستانیی و حزبە کوردستانییەکانی دیکە هاتنە دەنگمانەوە ،لە بەرە بەیانی رۆژی 11ی نیسانی 1991دا لە کاتژمێری چواری سپێدەدا جارێکی دیکە سوپای عێراق هێزەکانی خۆی ئاماده کردو، هێرشێکی دیکەی بەربلاوی دەست پێکرد و بەرەو سەنگەری پێشمەرگە هاتن، ئێمەش (پێشمەرگەکانی سوپای بارزان و لقی دوو میحوەری هەولێر) لە ناو سەنگەرو چەپەرەکانی خۆماندا بۆ بەرگریکردن و پاراستنی خاکی کوردستان خومان ئاماده کرد، ئەو کاتەیش هەموو پێشمەرگەکانمان لە بەرەی شەڕ نەبوون و هەندێکیان لە پشت هێلی بەرگری دەربەندی کۆڕێ (لەشەقلاوە) وەکو هێزی یەدەگ لە پشووداندا بوون. بەرەی شەڕەکەش بە درێژیی سێ کیلۆمەتر بوو، ئەو کاتە (بەرەبەیانی 11ی نیسانی (1991هێشتا تاریک بوو، دنیا رووناک نەبووە، کەچی لەناکاو دنیا لە ئەگەری تەقینەوەی تۆپ و گوللە باراندا وەکو رۆژی نیوەڕۆ روونـاک بووەوە، جەماعەتی شێخ محەمەد خالد بارزانی و ئەدهەم بارزانی لە سەر جادەکە بوون و ئەو کاتەدا پێشمەرگەی پارتی (ئیبراهیم حەمکۆ) بریندار بوو. لەو رۆژەدا (شەڕی دووەمی کۆڕێ) پێشمەرگەی پارتی و حزبەکانی دیکەی هاوکار و هەماهەنگ کەوتنە نێو شەڕەکە. ئێمە (سوپای بارزان) لە قۆڵی دەستە راست بووین، هێزەکانی یەکێتی لە قۆڵی دەستە چەپ بوون لە گەڵ پێشمەرگەکانی لقی 2بە فەرماندەیی بەڕێز عومەر عوسمان و محەمەدی مەلا قادر ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان لە دووەمین شەڕی کۆڕێ دا گێڕا.

بەڕێز (عومەرعوسمان میرگەسۆری) بەرپرسی ئەوکاتە لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداربووی داستانی کۆڕێ لە هەردوو شەڕەکە (شەڕی یەکەم و دووەم) لە بارەی شەڕی دووەمی داستانی کۆڕێ

سێ کیلۆمەتر بوو، ئەو کاتە (بەرەبەیانی 11ی نیسانی (1991هێشتا تاریک بوو، دنیا روونـاک نەبووە، کەچی لەناکاو دنیا لە ئەگەری تەقینەوەی تۆپ و گوللە باراندا وەکو رۆژی نیوەڕۆ روونـاک بووەوە، جەماعەتی شێخ محەمەد خالد بارزانی و ئەدهەم بارزانی لە سەر جادەکە بوون و ئەو کاتەدا پێشمەرگەی پارتی (ئیبراهیم حەمکۆ) بریندار بوو. لەو رۆژەدا (شەڕی دووەمی کۆڕێ) پێشمەرگەی پارتی و حزبەکانی دیکەی هاوکار و هەماهەنگ کەوتنە نێو شەڕەکە. ئێمە (سوپای بارزان) لە قۆڵی دەستە راست بووین، هێزەکانی یەکێتی لە قۆڵی دەستە چەپ بوون لە گەڵ پێشمەرگەکانی لقی 2بە فەرماندەیی بەڕێز عومەر عوسمان و محەمەدی مەلا قادر ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان لە دووەمین شەڕی کۆڕێ دا گێڕا.

گوتی:

بۆ قۆناغی دووەمی داستانی کۆڕێ جەبهەکەمان دابەش کرد، بەرەی رۆژئاوا کە زیاتر مەترسی لەسەربوو بەر پارتی و سوسیالیست و شیوعی و حزبی گەل کەوت. بەرەی رۆژهەڵات (لەسەرداوای خۆیان) بەر یەکێتی و هێزێکی پێشمەرگەی پارتی کەوت بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی و دکتۆر سەعید. لە گەرمەی شەڕەکەدا دکتۆر سەعید و حەمید ئەفەندی بەمنیان گوت: داوات لێ دەکەین هەوڵی پەیدا کردنی نان و فیشەک بدە و هەوڵ بدە هەندێک هێزی پێشمەرگەمان بۆ دابین بکەی. من بەڵێنم پێدان کە ئەوان خۆڕاگرن من داواکارییەکانیان بۆ دابین دەکەم، گورج گەڕامەوە شەقلاوە ئەو هێزانەی لقی 2پارتی کە لە پشوودابوون کۆمکردنەوە وەکو جەماعەتی شەهید خدر سواری و جەماعەتی خالید ئازگەیی و ژمارەیەکی دیکە پێشمەرگەی لقی ?2هەر ئەو شەوە گەیشتنە هێڵی بەرگری (دەربەندی کۆڕێ). من سوپاسی عوسمان میران دەکەم کە ئەو رۆژ بە هۆی ئازادی کۆڕی 3سندوق فیشەکی (بی کەی سی) لە گەڵ سێ سندوق فیشەکی کلاشینکۆفی بۆ ئێمە نارد، سوپاسی محەمەد مام وسوغا دەکەم کە بەپیکاب نان و خورما وهێلکە، لە ئیرانەوە بۆ هێنا بووین، ئەم شتانە خۆم بردم بۆ حوجران و تەسلیمی دکتور سەعید و کاک حەمید ئەفەندم کرد و لە لایان مامەوە هەتا دەرنگانی شەو تا دڵنیا بووم لە هەموو شتێک وەکو پێویستە...

دووڕۆژ پێش شەڕی دووەمی کۆڕێ، خوالێخۆشبوو (جەبار کۆڕێ) خەبەری پێدام کە زابتیکی عەسکەری خەبەری داوە ئەمشەوە هێرش دەکەن.. من بە پەلە دکتور سەعیدم ئاگادار کرد و ئاگاداری هەموو ئەوانەی پێشەوەم کرد خۆشم لە ئامادەباشی تەوا دابووم، بە داخەوە لەیەکەم تەقە گەیشتمە حوجران و سەرۆک بارزانی هێزی تازەی نارده بەرەی پێشەوەی شەڕ ئەوانیش سەرکەوتنە بەرزاییەکانی (ئەرمەوان)، ئینجا دەستەیەکی پێشمەرگەی ئازاو چاونەترسی پارتیمان ئامادەکرد کە هێرشی پێچەوانە بکەنە سەر سوپای دوژمان.... بە تۆپی 106ملم و هاوەن و (بی کی سی) و قەناسە لە گەڵ شەهید حەسەن نەجار کە تۆپی 106ی لا بوو..... تازۆر لە دوژمن نزیک بوونەوە چەند مەترێ لە ناکاو تەقەیان لە دوژمن کرد وەدریان پەڕاندن و لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرش دەستی پێکرد و پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتنی هەمیشەییان بەدەستهات... ئینجا ئاگر بەست لە لایەن سوپای عێراقەوە ڕاگەیاندرا.

لە بارەی شەڕی دووەمی داستانی کۆڕێ 11ی نیسانی 1991کە پێشمەرگەی کوردستان (مەلا عەلی بابکەیی) بەشداری کردبوو، گوتی:

کە بەشداریمان لە شەڕی یەکەمی کۆڕێ کرد کە چەند بەرپرسێکی سەربە هێزی بارزان لە گەڵماندا بوون وەکو سالح عوزیر بێدودی ،حەسەن عیسا بابکەیی، خەمەد میرحەمەد وحاڵی شیروکی، ،عەلی مەسەنەی و چەندین کەسی تر بوون. دوای ئەوەی لە 7ی4ی 1991شەڕی یەکەمی کۆڕێ بەسەر کەوتنی پێشمەرگەکانی پارتی کۆتایی هات، هێزی حزبەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی بەدەنگمانەوە هاتن، ئەوانیش هێزەکانی خۆیان هێنایە سەنگەری هێڵی بەرگری کۆڕێ ، ئینجا خۆمان بۆ ئەوە ئامادەکرد کە دوژمن هێرشێکی دیکە بکات، بەڵام تا 11ی نیسانی 1991نێوان ئێمە و سوپای عێراق ئارام بوو وسوپای عێراق هیچ هێرشێکی نەکرد، بەڵام لەو ماوەیەدا ئێمە وەکو پێشمەرگەی پارتی و بارزانی کە ئەزموونێکی دوورو درێژی شەڕمان هەبوو، هەموو شوێک لە سەنگەردا بە جل و بەرگی خۆمانەوە دەنوستین و خۆمان نەدەگۆڕی و هەرسات و کاتێک ئامادەبووین بۆ هەر هێرشێبی سوپای عێراق. ئەوەبوو لە بەرەبەیانی 11ی نیسانی 1991کاتژمێر چواری بەرەبەیانی شەڕی دووەمی کۆڕێ دەستی پێکرد و سوپای عێراق هەرچی هێزەکانی خۆی بوو ئامادە کرد دەستیان بە هێرش کرد، ئێمە لە قۆڵی دەستە راست بووین، لە گەڵ جەماعەتی لقی 2ی بەڕێز عومەر عوسمان میرگەسۆری و خالید ئازگەیی وکاک ئەمین نەجار لە سەرجادەیان شەڕمان کرد، جەماعەتی عومەر عوسمان میرگەسۆری لقی 2 ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دووەمین شەڕی کۆڕێ دا گێڕا. لەو شەڕەدا چەند شەهید و بریندارێکی زۆرمان هەبوو عەلی سلێمان بابکەیی و محەمەدئەمین مەلا موسا بابکەیی شەهید بوون. کەبەراستی ئەوا گیانی خۆیان کردە قوربانی کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانییی نەمر. بەراستی ئەو شەهیدە قارەمانانە هەرگیز لە بیرناکرێن و هەمیشە جێگای شانازی هەموو خەڵکی کوردستانن کە گیانی خۆیان فیدای کوردستان کرد و هەمیشە لە یادمان بە زیندووی دەمینەوە.

لە چاوپێکەوتنەکەدا، بەر لە کۆچی دواییەکە خوالێخۆشبوو فەرماندەی سەرکرد"د.سەعید ئەحمەد نادر" لە یادوەرییەکانی دەربـارەی شـەڕی دووەمی (دەربەندی کۆڕی) گوتی:

هێزێکی زۆری پارتی و هێزو حزبی دیکەی بەرەی کوردستانی لەوێ بوون، شەڕێکی گەلێک دژوار و سەخت لە نێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی سوپای عێراق ڕوویدا. دوژمن لە هەموو قۆڵێکەوە هێرشی بەربلاوی هێنایە سەر سەنگەری پێشمەرگە و کاتێک دنیا روونـاک بووەوە سەربازەکانی دوژمن هەر بەرەو پێشەوە دەهاتن و هێزەکەی ئێمە سەرەتا لە سەنگەرەکانی خۆیان پاشەکشەیان کرد و دوژمن هاتە پێش، وەک گوتم هێزەکەی ئێمەی لە قۆڵی دەستە راست بوو، لە گەڵ ئەوانەی پشتەوەی خۆماندا (واتا هێلی دووەم) چووینە هاواری جەماعەتی خۆمان، ئەو دەستەی کە چووینە هاواری هەڤالەکان، هەموویان پێشمەرگەی ئازا و چاونەترس و گورج و گۆڵ بوون لە ڕۆیشتن هەڵمەت بردن، لەوانە وەک خەمەد و سەلمان و عەلی سلێمان و محەمەدئەمین هەتا ...هتد ، کە چووین جەماعەتەکەمان لە شوێنی خۆیان پاشەکشەیان کرد بوو، لەبەر ئەوەی هێرشی سوپای عێراق گەلێک بەربلاوبوو، ژمارەیەکی بریندار و شەهید لە ناو جەماعەتی ئێمەدا هەبوو، فیشەکیان کەم ببووەوە، بۆیە کاک سەلمان و کەریم و چەند گەنجی گورج و گۆڵم بانگ کرد و هەندێکم نارد سەربکەونە سەر شاخ، گوتمان بە گەیشتنی ئەوانە بەو شوێنە دەتوانین گورزێکی کوشندە لە دوژمن بوەشێنین یان هەر نەبێت کارێکی وا بکەین و کە هێرشی دوژمن ڕابگرین، بەم چەشنە هێزەکەمان بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لە گەڵ منداڵ مانەوە کە نەقیب حەسەن و سادق سوفی و نەبی حەسۆ و حەسکۆ کولەکی و ئەحمەد سالح واژی بوون و ئەو بەشەکەی دیکە کە سالح عوزیر بەرپرسیان بوو چوون بۆ ئەوەی سەرکەونە سەر شاخ و بەرۆک و پێشڕەوی لە هێزی دوژمن بڕین. چونکە ئەوانەی لە گەڵیدا بوون گورج و گۆڵ و چوست و چالاک بوون و بەدرێژایی سێ کیلۆمەتر ڕۆیشتن و بەناو هێزی سوپای عێراقدا توانییان بگەنە سەر شاخ و پشت لە هێزی دوژمن بگرنەوە، هەر کە گەیشتنە سەر شاخ شەڕ، گەڵ دوژمندا دەستی پێکردو، ئێمەیش لە لای خۆمانەوە دەستمان بە هێرش کردو لە هێزەکانی سوپای عێراق نزیک بووینەوە و شەڕێکی سەخت و دژوار لە نێوان هەردوولامانداا دەستێ پێکرد. ئێمەو هێزەکانی دوژمن لە هەموو لایەکەوە تێکەڵی یەک بووین و ،دەنگی تەقەی پێشمەرگەکانی ئێمە لە قۆڵی سەرچیاوە کەم بووەوە ئەوکاتە من هستم کرد کەشتێک بە سەر ئەو پێشمەرگانە هاتووە، چونکە دەنگی تەقەیان کەم بووبووەوە، ئێمەش نەمان دەتوانی خۆمان بگەیەینە سەرشاخ، کەڕۆیشتین دیتمان شەهید و بریندارمان هەیە، خەمەد میر محەمەد و کەریم خان و عوسمان پیرانی بریندار ببون و عەلی سلێمان بابکەیی و محەمەدئەمین مەلا موسا بابکەیی شەهید ببون. ئەم ڕووداوە زۆری دڵتەنگی کردین لە بەر ئەوەی لە یەکەم شەڕدا بەبێ زیان سەرکەوتنێکی باشمان بە دەست هێنابوو، توانی بوومان دەستێکی گورچک بڕ لە دوژمن بدەین و زیانێکی زۆرمان لە هێزی دوژمن دابوو، کەچی ئەم جارە تووشی زیان بووین و شەهید و بریندارمان داو دوژمن شوێنێکی زوری گرت، لە گەڵ ئەوەیشدا خۆمان نەشێواند و بریندارو شەهیدەکانمان ڕەوانەی پشتەوە کردو، پێشمەرگەکانی سۆسیالیستیش لە گەڵ سەیدکاکەدا لەوێ بوون، دوای ئەوە خۆمان ئامادە کردەوە و نەخشە و پلانێکی دیکەمان داناو وردە وردە لە هێزەکانی دوژمن نزیک بووینەوە و پلانێکی باشمان دانا و فیشەک و چەکمان پەیدا کرد، بە درێژایی سێ کیلۆمەتر لە قۆڵی دەستە راست و قۆڵی دیکەوە، پێکەوە و جارێکی دیکە هێرشمان کردەوە سەر دوژمن و تواندمان سەنگەرەکانی پێشەوەی لێ وەربگرینەوەو ناچاری بکەین پاشەکشە بکات، ئیدی دوژمن شکستی خوارد و ناچار بوو بەرەو پاشەوە پاشەکشە بکات و نەتوانێت سەنگەری خۆ قایم بکات و بگیرسێتەوە، بۆیە پێشمەرگەکان کەوتنە دووی دوژمن و دوژمنیش هەر هەڵدەهات و نەیتوانی خۆی بگرێتەوە تا گەیشتە ناو کۆڕێ و پێشمەرگە توانی سەنگەرەکانی خۆیان بگرنەوە. بەمشێوەیە ژمارەیەکی زۆر تەرمی کوژراو و بریندارە دوژمن لەو ناوەدا کەوتبوون و ژمارەیەکی دیکەی سەربازانی دوژمنیش بە دیل گیران و چەک و تەقەمەنیەکی زۆریش بەدەستی پێشمەرگە کەوتن. شایانی باسە لە شەڕی دووەمی کۆڕێدا هێزەکانی سەعید خەلیل و سەلیم ئەسعەد خۆشەوی هاتنە فریای هێزی بارزانەوە و لە گەڵ هێزی حەسۆ کانیەلنجی دا، کە بەرلەوە ئەرکێکی دیکەیان پێ سپێررابوو، بە فەرمانی سەرۆک بارزانی ئەوانیش هاتنە فریای ئێمەوە و هێزەکەی حاجی میرخان و محەمەدئەمینیان لە گەڵدا بوو، ئەوانیش ڕۆڵێکی باشیان لە شەڕی کۆڕێ دا هەبوو، لە گەڵ هێزەکەی خالد ئازگەیی و گوڵەباخ و هەڵگورد و هێزی دیکەی حزبەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە شەڕی دووەمی کۆڕێ دا هەبوو. دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە هێزەکانی حاڵی دۆڵەمەری بە فەرمانی سەرۆک بارزانی بۆ خەلیفان گوێزرانەوە و ئەوانیش لە شەڕی یەکەمی کۆڕێ دەورێکی بەرچاو و کاریگەرییان هەبوو. لەم دوو شەڕدا حەمید ئەفەندی وەک بەرپرسێکی حزبی ڕۆڵێکی بەرچاو هەبوو لەگەڵ ئێمەدا بەشداری کرد بوو. ئەمەو د.محەمەد ساڵح دکتۆری هێزی بارزان بوو لە دەرمان کردنی برینداران دا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو کە لە بیر ناکرێت. هەروەها چەندین پێشمەرگەی دیکە ڕۆڵی کرنگیان لەم داستانەدا هەبووە، هەموو ئەوانمان لەبیرە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرفەتمان نەبوو نەمان توانی ناوی هەموویان بهێنین.

ڕائد (ئەزەدر محەمەد ئازگەیی) لە تەمەنی لاویەتی بەشدار داستانی کۆڕێ کردووە ولەگەڵ مامی فەرمانده خالد ئازگەیی دابووە.

لە یادی 28ساڵەی داستانی کۆڕێ.. سلاو لە گیانی پاک و پیرۆزی شەهیدان داستانی کۆڕێ و سلاو لە پێشمەرگە بەشداربووەکانی داستانەکە و سلاو بۆ گیانی گەشت شەهیدانی کوردستان و بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

سەرچاوە:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی بەشدار بووی داستانی (کۆڕێ).
- سود وەرگرتن لە گۆڤاری پێشمەرگە.

وون بوون

پسوولەیەکی شارەوانی کەلار بەژمارە (٣٧٤٣٨٠) کە بڕیاری پارەکە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینارە ،بەناوی وەرگر (احمد محمد کریم) لە بریکار (قادر علی محمد) وەرگیراوەبۆ سەوزکردنی شار +پابەند بوون بەنەخشە وون بووە .

***

وون بوون

هەویەیەکی سەندیکای سەندیکای ئەندازیارانی کەرکوك/ کەلار،ژمارە ١٤٣٥٤ بەناوی (زانا محمود محمد صالح) وون بووە، هەرکەس دەیدۆزیتەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩١٤٤٤٥ بەرواری ٢٠١٥/٣/١٠ بەبڕی ٧٥٠٠٠٠ بەناوی دلوڤان محمود حاجی صوفی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

العدد/٣٥٠/مواد/٢٠١٨

التاريخ/٢٠١٩/٤/١٠

اعلان

الى المدعى عليه (خديده بسي خلف)

اصدرت هذه المحكمة حكمها الغيابي بالعدد ٣٥٠/مواد/٢٠١٨ في ٢٠١٨/١١/٧ المتضمن تصديق الزواج الخارجي بين المدعية (جروس قاسم خديدا) وزوجها المدعى عليه (خديده بسي خلف) الواقع خارج المحكمة في ١٩٦٤/٧/١ على مهر معجله مائتان وعشرون دينار مقبوض وبدون مهر مؤجل ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار المختار ومركز شرطة الشمال تقرر تبليغك بواسطة النشر في الصحف اليومية حسب الاصول

القاضي الاول / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : عدنان شمو خضر

قدم السيد / شمو خضر سيدو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٢٨٩/ ب٤/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (یاسین علی احمد)

داواکار (کامەران اکرم طاهر) داوای ژمارە ٢٨٩/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بڕی (٥٢٠،٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی داواکاریەکەی و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستدایە بڕیارمان لەسەر دا کە بانگەشەکەی بەرامبەرت بڕوا بکرێت و بڕیارمان دا کە داواکارەکە سوێندی بۆ بخوات و سوێندیشی خوارد کە ئەو بڕەی داوای کردووە لەسەرتی بۆ بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆی و بڕیارمان دا کە بڕیارەکە بەسەرتدا جێبەجێ بکرێت

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤٢٠/ج/٢٠١٢/ب
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عقیل حسین موسی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٥٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەردەقارەمان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ قادر سعید محمود
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٣٧/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رسول عزیز امیر و حولا امیر عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١/٤٠٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ژاراوە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٦٦٩/ج/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/٣/١٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نارام نجیب محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەرەبەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٥٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩
ئاگاداری
سکاڵاکاران/ ١- جەال خضر مولود ٢- علی حسن محمد
تۆمەتبار/ وصید فهیم علو
بۆ تۆمەتبار وصید فهیم علو کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی رۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٥٥/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٥٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩
ئاگاداری
سکاڵاکاران/ ١- جەال خضر مولود ٢- علی حسن محمد
تۆمەتبار/ جێگر عبدالله سلێمان
بۆ تۆمەتبار جێگر عبدالله سلێمان کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی رۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٥٥/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٤٦٧/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣
ئاگاداری
سکاڵاکار/ عبدالرحمن پیرۆت محمد
کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٥٧/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٥٧/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩
ئاگاداری
سکاڵاکاران/ ١- ابوبکر بایز الی ٢- بازران حمه بابکر
تۆمەتبار/ عبیر عزیز حسون
بۆ تۆمەتبار عبیر عزیز حسون کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی رۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٥٩/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٥٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩
ئاگاداری
سکاڵاکاران/ ١- ابوبکر بایز الی ٢- بازران حمه بابکر
تۆمەتبار/ قادر سعید محمود
بۆ تۆمەتبار قادر سعید محمود کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی رۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٥٧/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٤٦٧/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣
ئاگاداری
سکاڵاکار/ عبدالرحمن پیرۆت محمد
تۆمەتبار/ حسین نجم الدین عبدالله
بۆ تۆمەتبار حسین نجم الدین عبدالله کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی رۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٥٥/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهیم محمود
***
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٣٠ / ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ١٠ /٤ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : پیمان فاضل نعمت
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٣٠/ش/٢٠١٩) ل رۆژا (١٨ /٣ /٢٠١٩) بکەتنا تەلاقا داواکاری (عبدالخالق خالد حسن) ژتە بەرامبەری ڤی دادگەهی ل (١٨/ ٣/ ٢٠١٩) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادەر/ یوسف الیاس سدن

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە: ٥٠٥٦/١٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەویانەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی شکێنراو (کسر القرار) زیادکردنەکە لەرۆژی ٣٠ سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نێوەڕۆ کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٢٥٥/٥٢٠ ك ٥ عنکاوە رووبەر/ ٣٤٨,٦٦م٢ نیشتەجێ
٢- ژمارەی زەوی/ ٢٥٥/٥٢٢ ك ٥ عنکاوە رووبەر/ ٣٤٨,٦٦م٢ نیشتەجێ
٣- ژمارەی زەوی/ ٩/٤٨٩ ك ٩٤ باداوة رووبەر/ ١٩٨,٦٦م٢ نیشتەجێ
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە: ٥٠٥٨/١٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی مولك لە (دوکان ، گەراج ، مارکێت...هتد) لەم گەرەك و ناوچانەی کە لە خوارەوە هاتووە بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی شکێنراو (کسر القرار) زیادکردنەکە لەرۆژی ٣٠ سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نێوەڕۆ کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
شوێن (گەرەك، ناوچە)/ حسارۆك، باداوە، رێگای موصل، ناوچەی ٤٥ وارش، ناوچەی پیشەسازی باشوور، شێخ احمد، تووڕەق، گەرەکی نیشتمان، بەرامبەر سوق مرکزی جۆری بەکارهێنان/ (دوکان ، گەراج ، مارکێت...هتد) ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە: ٥٠٥٧/١٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەویانەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی شکێنراو (کسر القرار) زیادکردنەکە لەرۆژی (٧) حەوتەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نێوەڕۆ کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٣٢/٣٩٦٤ ك ٤٤ وارش رووبەر/ ٣٣٨م٢ نیشتەجێ
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Workover Supervisor
Work Location	Field-Zakho
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

The successful candidate will be the company representative on the workover rig to ensure workover operations are performed to the required DNO standards.

Health, Safety, Environment and security are core values at DNO and are taken incredibly seriously. The Completions & Workover Supervisor will be responsible and accountable for leading operations in a safe and environmentally sound manner and setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.

He / She oversees the execution of all operational program and acts as Company-man on assigned Workover Rig covering pre-workover Rigless, work over, well completion and related activities covered by contractor and/or service companies.

Rig-based environment.
Some jobs such as Pre-workover Rigless operations in Rigless mode and / or at workover rig are possible at expediency of the company.

Required Qualifications and Experience:
• Minimum 20 years well workover experience, including completions, workovers and downhole fishing, and packer milling operations.
• Working knowledge of MS Word, Excel and Outlook.
• Must be able to work with a team, take directions from CWT superintendent(s), and focus attention to details.
• Must be self-motivated and capable of working with limited direct supervision.
• Must be capable of completing and tracking multiple tasks simultaneously, and often under tight deadlines.
• Must have a track record of recent experience as a Well Site / Workover Rig Supervisor.
• Must possess valid well intervention control certificate.
• A valid H2S ticket.
• Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Coiled Tubing, Slickline and Well Testing Supervisor
Work Location	Field-Zakho
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

The successful candidate will be the company representative on the Rigless and Well Test operations to ensure these activities are performed to the required DNO standards.
Health, Safety, Environment and security are core values at DNO and are taken incredibly seriously. The Coiled tubing, Slickline, and Well Testing (incl. DST) Supervisor will be responsible and accountable for leading operations in a safe and environmentally sound manner and setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.
He / She oversees the execution of all Coiled tubing, Slickline and Well Testing operational program and acts as Company-man on assigned Coiled tubing, Slickline and Well Testing site covering Rigless and Well testing related activities covered by contractor and/or service companies.
Well site-based environment.
Some jobs such as Rigless operations in Rigless mode and/or at workover rig are possible at expediency of the company.

Required Qualifications and Experience:
• Minimum 20 years Coiled tubing, slickline and Well Testing experience, including Coiled Tubing / Slickline Unit rig ups, pressure testing, running / pulling, shifting SSDs, rigging up Well Test package, testing well test spread, DST (Drill Stem testing) and executing these activities on wellsite.
• Working knowledge of MS Word, Excel and Outlook.
• Must be able to work with a team, take directions from CWT superintendent(s), and focus attention to details.
• Must be self-motivated and capable of working with limited direct supervision.
• Must be capable of completing and tracking multiple tasks simultaneously, and often under tight deadlines.
• Must have a track record of recent experience as a Well Site / Workover Rig Supervisor.
• Must possess valid well intervention control certificate.
• A valid H2S ticket.
• Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

لە فیلمی ژووری سپیدا
لە داهاتوودا کوردێکی شۆڕشگێڕ کۆتایی بە سیستەمی دکتاتۆریی بریتانیا دێنێت



نەجات حەمید ئەحمەد
ئامادەکارانی فیلمەکە
نواندنی : شاونا ماکدۆنالد، ، ئۆدید فەهر، ئەمریتا ئەشاریا
نووسین و دەرهێنانی: پۆل ڕەشید

ژدووری سپی کە ناوی ئەم فیلمەیە یەکێکە لەو تاقیگە کیمیاییانەی کە ڕژێمی دکتاتۆریی بریتانیا لە داهاتوودا بە کاری دێنێ بۆ دۆزینەوەی چەکێکی کیمیایی کاریگەر کە لە توانایدا بێت کۆتایی بەو شۆڕشە بێنێ کە دژی دکتاتۆریەت خەبات دەکاو دەیەوێ سیستەمی سیاسیی وڵات بەرەو دیموکراتیەت بەرێت، ئەوانەی ئالای شۆڕشیان هەڵ کردووە ئەو مرۆڤانەن کە بەر چەوساندنەوەو ڕاوەدوونان و لە ناو بردن بوو نەتەوە لە لایەن دەسەڵات دارو پیاوکوژانی ئەو حوکمڕانیە دکتاتۆریە،ئەو چەکە کیمیاییەی کە بە دوایدا دەگەڕێن سەرەتا لەو لابووردا تاقی کردنەوەکانی لە سەر ئەنجام دەدەن لە ناو ژوورێکی سپیدا کە بە هەموو جۆرێک کۆنترۆڵ کراوەو ئەوەی لە ناو ژوورەکەدایە ناتوانێ هیچ بکاو تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لێی دەکری و بە کامێرای جۆراو جۆر کۆنترۆڵ کراوە.



یەکێک لەو کەسانەی کە دەهێندرێنە ناو ئەو ژوورەوە ناوی ((زەکەریان))ە کاتێک سەرپەرشتیکارو جێ بە جێ کاری بەرنامە کیمیاییەکە کە ئافرەتێکی دکتۆرە ((لێی دەپرسێت ئەم ناوەی تۆکە زەکەریانە ناوی چ میللەت و چ نەتەویەکە؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت ئەمە ناوێکی کوردیە و لێرەوە بینەر ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکێک لە سەرکردە گەورەکانی شۆڕۆشی هەلکردنی ئالای دیموکراتیەت کوردەو ناوی زەکەریانە فیلمەکە دەیەوێ پێمان بڵێت کە بیری دەسەڵات سەپاندن و دکتاتۆریەت پەنا دەباتە بەر هەموو چەکێک و هەموو جۆرە شێوازێکی سەرکوت کردن لە پێناوی بەردەوامی دان بە حوکمی تاک ڕەوی بە ناڕاستەوخۆییش لە سەرەتای فیلمەکە پێمان دەڵێت یا پرسیاری ئەوەمان لە لادا دروست دەکات کە بۆچی کوردێک لە بریتانیای داهاتوودا سەرکردایەتیی شۆڕشێک دەکات دژی دکتاتۆریەت؟: هەر بە ناڕاستەوخۆیش پێمان دەڵێت کە کورد ئەو نەتەوەیەیە کە تازەترین چەکە کیمیاییەکانی لە سەر تاقی کراوەتەوە چونکە ئەوەتانێ ئەوە کوردێکە لە ناو ئەو ژوورە سپیەدا تازەترین چەک کە لە لایەنی ئەنجومەنی بالای ڕژێمی دکتاتۆریەوە داوا کراوە کە بدۆزرێتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە یاخی بوون و شۆڕش لە سەر ئەو کە کورد تاقی دەکرێتەوە، هەر وەکو چۆن بەعس تازەترین چەکی کیمیایی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی لە سەر کورد لە هەڵەبجەو شوێنی دیکەدا تاقی کردەوە.

بەهۆی یەکێک لە کارمەندانی ناو تاقیگەکەوە زەکەریان لە ژووە سپیەکە ئازاد دەبێت و دەست بە تۆڵە کردنەوەی خۆی دەکات لە بەرێوەبەرو کارمەندانی ناو تاقیگەکە بەڵام یەکێک لەوان بە تۆندی بریندار دەکاو لەو ساتانەدا شۆڕشگێران بە سەرکردایەتیی برایەکی زەکەریان هێرش دەکەنە سەر تاقیگەکەو ئازادی دەکەن و هەموویان لە ناو دەبەن، ئەوکەسەی دەمێنێتەوە جێ بە جێ کاری بەرنامە کیمیاییەکەیە کە دوا ئەنجامی ئەو تاقی کردنەوە کیمیاییە دۆزینەوەی مادەیەکە هەرکەسێ بەری کەوێ هار دەبێ و ئەندمەکانی لەشی خۆی دەخوات بەڵام براکەی زەکەریان، دکتۆرە ئافرەتەکە دەخاتە ناو ژوورەکەوەو لەپاش ئازاردانێکی زۆردا دەری دەکات و داوای لێ دەکات کە بیکوژێت بەڵام براکەی زەکەریان نایکوژێت و داوای لێ دەکات کە ئەو چەکەی بۆ بەکارهێنان ئامادە بکات چونکە ئەو چەکە کۆتایی بە هەموو شتێک دێنی و دەیەوێت بە هۆی هەمان چەکەوە سیستەمی دکتاتۆریی بریتانیا بڕوخێنێت و دوا ڕستەکانی براکەی زەکەریان بۆ دکتۆرە ئافرەتەکە ئەوەیە:

(لە شوێنێکی سەر ڕێگەکەدا، ئەم وڵاتە پشتی لە خێرو خۆشی کرد، هەمان ئەو خێرو خۆشیەی کە وای لێ کرد مەزن بێت، پێشوازیان کرد لە منداڵە بێ باوکەکانی هەڵەبجە یارمەتیانم دا تاکو ژیانێکی باشتر بنیات بنێن، دژ بە یەکیەک لە نێو هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا هاتە کایەوە، لە پێناوی گەڕاندنەوەی ئەوخێرو خۆشیەی شایستەی ئەوەیە لە پێناویدا بمریت یا هیچ نەبێت ئەمەیە باوەڕی من، من وتوش دەزانین کاتێک ئەمە تەواو دەبێت کەس براوە نابێت و براوە نیە... تەنها ئەوانە نەبێت کە لە ژیاندا ماونەتەوە).

هانێر میللەر
شاعیر و شانۆ نووسی ئەڵمانی



بۆتان جەلال

(هانێر میللەر) شاعیرێکی ناوداری ئەڵمانییە، لە ساڵی 1929لە باوکێکی فەرمانبەر و دایکێکی کرێکار لە کارگەی ڕستن و چنین لە سکسۆنیا چاوی بۆ دونیا تروکادووە، لە ساڵی 1945دەچێتە ڕێزی سوپای بەرگری ئەڵمانی، چەند مانگێک بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بە دیلی دەکەوێتە دەستی سوپای ئەمریکی، دوای ساڵانی 1950وەک ڕۆژنامەنووسێک دواتریش شانامە نووس کاری کردووە، پێش ئەوەی ڕژێمی دەسەڵات لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بڕیاری دوورخستنەوەی لە ریزی یەکێتی نووسەرانی ئەڵمانیا بدات لەسەر ئەو ڕۆمانەی کە گوایە ڕەخنە و توانج و پەلاری سیاسی تووندوتیژی لە پیاوانی دەسەڵاتدار وڵات گرتووە.

هەر لە شاری بەرلین دەژیا ، دواتر لە ساڵانی دوای 1980دووبارە گەڕایەوە و وەک شانۆنووس و دەرهێنەرێکی شانۆیی دەستی بەکار و چالاکییەکانی کردەوە، لە ساڵی 1989ڕێگایان پێبیدا لە شانۆی برخێتدا کاربکات و دواتریش بووە بەڕێوەبەری هەمان تیپ، میللەر دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت و " "3ساڵان لەژێر کاریگەری ئەو نەخۆشییە تلایەوە تا ڕۆی /20 12/1995یەکجاری لاپەڕەکانی ژیانی پێچایەوە و کۆچی دوایی کرد، بە دریژایی 67ساڵی تەمەنی، میللەر وەک نووسەرێکی گالتەجاڕی و شانۆنووسێکی جیددی و نوکتە نووسێکی بواری ڕامیاری ناسرا، جگە لەوەی شاعیرێکی دەست ڕەنگین و هزرمەند و ڕۆژنامەنووسێکی بوێریش بوو.

بەرهەمەکانی هانێر میللەر

* ئافرەتە کۆچکردووەکە-1960
* چیرۆکەکان لە بەرهەمێکدا - 1974
* مردن لە بەرلین - 1974
* کۆمەڵێک هەڵە "بەسا بەش" - 1990
* تارمایی ئەوروپا جێدەهێڵێت 1990
* دیوانە شیعرێک بە ناوی "هۆنراوە"- 1992
* دیوانە شیعرێکی دیکە بەناوی "دارستانی خەون" 1994

چ
هند نمونەیەک لە شیعرەکانی

1- دوێنێ

دەستم کردووە بە کوشتنی دڵەکەم
وە ئێستاکە
جەستەکەی خۆم خۆش دەوێ
لە کاتی سەرمەرگدا
خۆڵەمێشی جەستەکەی بانگت دەکات
ئەی دڵەکەم

2- بیرتۆڵد بریخت

ڕاستە تۆ لە زەمەنێکی ڕەشدا ژیایت
تۆ زەمانەکانت ڕوون کردەوە
کەچی دووبارە تاریکی داهاتەوە
ئەو کاتەی ڕووناکی دەڵێ من تاریکیم
بزانە قسەکانی ئەو هەمووی درۆن

3- شکسپیر

شکسپیر گەشتیار بوو
* کارگەی شکسپیر- 1985
لە ستراتفۆرد بۆ ستراتفۆرد
وە دیسان لە ستراتفۆردەو بۆ ستراتفۆرد
لە دلاً لێدانێکدا
بە لەندەن تێپەڕێت
لە نێو خوێنیشیدا
ڕۆژگاری بۆ ساتە وەختێک حەشارداوە
لە نێو دەستەکانیشی
خۆر و سێبەری هەڵگرتبوو

4- مایاکۆڤسکی

مایاکۆڤسکی!!
بۆچی
ئەو چرکە کۆتاییە لاستیکانە؟
ئەم چرکانە ئازاری دڵن فلادەمێر؟
ئایا خانمێک هەموو ڕێگاکانی
لێگرتوویت
یان زەردەمسکەکەی بۆ یەکێکی دیکە
هەڵگرتووە؟

دوو پەخشان

سەردار جاف ژ ئەڵمانیا

1

هەموو بەیانییەک ئینجانەیەک خەونی پەمەیی بە دیاری لە گەڵ دەستی خۆما دێنم، شەن و کەوی خەونم بە، چەپک چەپک هیواکانمان باڵا پێ بکە، بەری ڕەنج و ماندوێتی ئیشق بدوورینەوە، هەموو بەیانییەک دەبمە شوانێکی بێ دەرەتانی گوندێکی نیشتیمان تا پەنجەکانی شەنگەبێریم بۆ مەڕ دۆشینێ سەرە ڕێی نیوەڕوانی ئیشقم لێ بگری، لێوەکانم تەتەڵە بکەن ببنە پریاسکەی شەونم و بە سەر کوڵمە تونەدەکانتا داچۆڕێن، چەشنی گەلا و پەڕی گوڵەکانی سپێدان تەڕ تەڕ و بۆندار بن.

هەموو بەیانییەک ژنێک لە خەوی غەفڵەتیم وەئاگا دێنێتەوە، هێندەیش لێم دوورە ماچەکانی بە غیابیش ناگەنە ڕۆخی دەریای هیشکەوە بووی لێوەکانم ، لە تەک بوخچەیەک خۆزا سەما بۆ تیشکی چاوەکانی دەکەم ، ئەو دەمانە گولیش هەڵپەڕکێ دادەبەستێ دەرخەتیش چەپڵە دەژەنێ، ئەزیش گوێ گری ئاواز و دەنگە بەسۆزەکەی سبەینان و شەوان و گشت ساتێکی دەبم .

بەیانیت خەرمانێ جوانی گوڵەکەم، لە گوڵ گوڵتر .

2

لە سەر ژێی میلۆدی دڵما ئەم بەیانیە ژنێک لە باڵی فریشتە ، شۆخێ جوانتر لە گوڵ بە سەر لقی نیگاکانمەوە ڕۆنیشتووە و دەنگی بە سۆزیم بۆ دەکاتە گۆرانی بۆ دوو سبەی تا بە هەستەکانمی بفرۆشێتەوە، دەرای جوان و ڕنگ شینی بۆ هەستەکانم هەڵخستووە، گوڵەباغ ملی بۆ کەچ دەکا و ئاونگ بریسکەی بۆ ڕادەگرێ، بەیانیەکە تەنها دەنگی ئەو ژنە شۆخە جوانی کردووە، دەرگاکەت بکەوە با تێر تێر بۆنی هەناسەی مالەکەت بکەم، ڕۆحم لە ئۆغری شارە پڕ بەفرینەکەت بێ و لە سەر بالکۆنی دالانەکەتا ڕۆ بنیشێ و گۆرانی دەردی ئیشقت بۆ بچڕێ و بە چرپەیەک بڵێ .....

شەو خەوم نایە لە بەر خێڵی خەیاڵی خاوی تۆ
تا سەحەر مەستم بە یادی جووتێ لیمۆی کاڵی تۆ
بە یانیت جوان گوڵەکەم ، لە گوڵ گوڵتر .....

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/4/11 ژمارە (5728)

چۆن فیلمی (لالالاند) شەش خەڵاتی ئۆسکاری بە دەست هێنا؟



حەیدەر عەبدولڕەحمان

خۆ ئەگەرچی تا ئێستا کەم ڕێکەوتووە لە فیستیڤاڵی ئۆسکاردا فیلمە ڕۆمانسی و کۆمێدییەکان ئەو بڕە خەڵاتانەی ئۆسکارییان بەرکەوێت، بەڵام بۆ یەکەم جاربوو لە مێژووی ئۆسکاردا فیلمێکی ڕۆمانسی کۆمێدی وەک (لا لا لاند) هەموو کولتوورەکانی ڕابوواردوو بشکێنێ و ژمارەیەکی گەورە لە وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بە دەست بێنێت .

ڕەخنەگری سینەمایی نیکۆڵاس باربر هۆکارەکانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی فلمی ڕۆمانسی ڕوون دەکاتەوە دەڵێت: هەر ئەو فیلمە پیش مانگێک لە فیستیڤاڵی سینەمایی (گۆڵدن گلۆب) ژمارەیەکی بێ هاوتای شکاند و حەوت خەڵاتی تۆپی زێڕینی بە دەست هێنا ، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆسکار پێی وایە کە ئەو جۆرە فیلمانەی کۆمەڵێک توخم لە خۆ دەگرن کولتووری کۆنی سینەما بە زمانی سەردەم نوێ دەکەنەوە و ئەوە جگە لەوەی زۆرێک لە کۆمەڵگا ئارەزووی فیلمی ڕۆمانسی دەکەن لە کەشو هەوای تووندو تیژی ئەم سەردەمە.



لا لا لاند ـ فلمێکی ڕۆمانسی موزیکی کۆمێدییە ،لە سیناریۆر دەرهێنانی دامیان شازل ـ ە کە پێش دوو ساڵ فیلمێکی تری موزیکی بە بەرهەم هێنا بە ناوی Whiplashکە هەستی ملیۆنەها هەواداری موزیکی بە گشتی هەژاند بە تایبەت موزیکی جاز.

ئەم فیلمەی ئێستای لە پاڵەوانیەتی رایان گوسلینگ، جیکی سموز، ڕۆزماری دیونتە، چیرۆکی فیلمەکە بە دیمەنێکی سەما لە شەقامێکی لۆس ئەنجلۆس دەست پێدەکات و باس لە چیرۆکی خۆشەویستی گەنجێکی پیانۆژەن دەکات بە ناو(سیبیستیان) کە قوتابیەکی پەیمانگای موزیکەو موزیک بۆ گۆرانیەکان دەژەنێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێشکەوتنی گەورە لە هونەرەکەی دا بەخۆیەوە دەبینێت، لە ناکاو دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکی ئەکتەری شۆخ و شەنگی دەنگ خۆش بە ناوی (میا) کە لە قاوەخانەیەکدا کار دەکات و هەموو ئاواتێکی ئەوەیە ببێت بە ئەکتەرێکی ناودار، ئەو بە ئەکتەر بوونە خەونی هەمیشەییەتی و لە پێناویدا کەسو کارو ماڵ و هەواری خۆی جێ هێشتووە، لە شاری لۆس ئەنجلۆس، ئەو کوڕو کچە گەنجە خەونی گەورەیان هەیە، خۆشەویستی نێوانیشیان هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوە سەرکەوتنانەی بە دەستی دێنن و ئەو ناوداریەتیەی پەیدای دەکەن، بەڵام دواتر کۆمەڵێ گرفت لە نێوانیان دا دروست دەبێت و بە ئاسانی ئەو خۆشەویستیە گەرمە لە دەست دەدەن و هەردووکییان ئەو بڕیارە سەختەی لێک دوور کەوتنەوە دەدەن لەو خۆشەویستیەی کە بوو بە هۆکار بۆ سەرکەوتنیان.

ئامانج لەو هەردس هێنانە گوزارشت کردنی دەرهێنەرە لەو سەردەمە لێک دابڕاوەی مرۆڤایەتی و لاواز بوونی چمکی خۆشەویستی لە نێو خۆپەرستیەتی تاکەکان و بە هەند وەرنەگرتنی چارەنووسی خۆشەویستی، بە تایبەت دوای گەیشتن بە بەرژەوەندییە کەسایەتیەکان و زاڵ بوونی مادییەت بە سەر میسالیەت و دەرهاویشتەکانی .

دەرهێنەر واقیع بینانە بەرجەستەی واقیعی ئەمڕۆی ئەمریکای بە بەرگێکی ڕابووردوو کردووە، کە پێی وایە تێڕوانینی میساللییانە لە هەموو حاڵەتێکا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت،بەڵکو واقیع زۆر بەهێزترە لە تێڕوانینی میسالی بۆ ژیان .

جلوبەرگی تەقلیدی و ئۆتۆمبیلی سەر والا و نیشاندانی دیمەنی باڕەکان.

نیکۆڵاس ـ ی ڕەخنەگر دەڵێت: لە لۆس ئەنجلۆس بە بەردەوامی گەنجەکانمان بە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە سەر دروست کردنی خۆشەویستی دەگەڕێن بەڵام زۆربەیان ڕوو بە ڕووی ڕەتکردنەوە دێن،چونکە بڕوا بوون بە خۆشەویستی لاواز بووە .

فلمەکە بۆ یەکەمجار پارسااڵ لە فیستیڤاڵی ڤینیسیا و لە ئەمریکاش نمایش کراو بوو بە فلمی دەست پێکی فیستیڤاڵ، ماوەی فیلمەکە 128خولەکە، لە کالیفۆرنیاو لۆس ئەنجلۆس و لۆنگ بیتش وێنەکانی لەلایەن وێنەگری ناسراوی سینەمای ئەمریکا (لینۆس ساندیجرن)ەوە گیراوە، موزیکی وێنەییشی لە لایەن جستن هۆرێتس داندراوە، فیلمەکە 30ملیۆن دۆلاری تێ چووە، بەڵام تا ئێستا 370ملیۆن دۆلاری بە دەست هێناوەتەوە .

لا لالاند ـ چەندین خەڵاتی جیهانیی بە دەست هێناوە بۆ خولی 89ی ئۆسکاری ئەمسااڵ بۆ 14خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا ئەمەش گەورەترین ژمارەی پاڵێوراوی فیلمە لە ئۆسکاردا، لە ئەنجامدا 6خەڵاتی بە دەست هێنا ، لەوانە: خەڵاتی ئۆسکار بۆ جوانترین گۆرانی ڕەسەن، خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین ئەکتەری ئافرەت (ئیماستۆن) خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین وێنەگرتنی سینەمایی (لینوس ساندیجرن) خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین دەرهێنەر (دامیال تشازل) خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین نەخشەسازی بەرهەم هێنان، خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین موزیکی وێنەگری.

بەر لە دووساڵ دامیان شازل ، فیلمی ویش پلاش ـ ی پێشکەش کرد کە بێ مشتومڕ باشترین فیلمی ئەو ساڵە بوو، ئەویش هەر کەشو هەوایێکی موزیکی هەبوو، ئەوەتا ئێستاش لە فیلمی لا لا لاند سەلماندییەوە کە باشترین دەرهێنەرو سیناریۆ نووسی کاری موزیکییە لە سەردەمی ئێستادا، بەڵام وێڕای ئەو سەرکەوتنە گەورەو خەڵاتە کەم وێنانە هێشتا هەندێ لە ڕەخنەگرانی بواری سینەما پێیان وابوو ، ئەگەر ئەو فیلمە لە گەڵ فیلمەکەی ڕابووردووی بەراورد پێ بکرێت، ئەوە دەردەکەوێت کە فیلمی (وێپلاش) لە ڕووی دراماو سیناریۆ وە چیرۆکێکی تێرو تەسەڵتری پێشکەش کردووە، هەڵی زۆرتری بۆ ئەکتەرەکان ڕەخساندووە بۆ پێشکەش کردنی توانستی خۆیان و سیناریۆکەی (لا لا لاند) شتێکی دووبارە کراوەی هەمان ئەو فیلمەیە و هەوڵی داوە هەمان ئەو کارە بە ستایلێکی نوێ تر پێشکەش بکاتەوە .

فیلمەکە دابەشی دوو پارچە دەبێت : لە پارچەی یەکەمدا کە نیوەی ڕوداوەکان دەگرنە خۆیان و دەستپێکێکی بەهێزی تێدایە ، بەڵام نەی توانیووە بە هەمان ریتم پارچەی دووهەمی بەڕێوە ببات ،بەڵکو هەست بە لاواز بوونی ڕووداوەکان دەکرێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەگەرچی لە ڕووی دەرهێنانەوە دەرهێنەر دەسەڵاتی خۆی لە دەست نەداوە و ڕوانینە ستاتیکییەکانی خۆی پاراستووە ،بایەخی زۆری بە ڕووناکی و ڕەنگی گوزارشت بەخش داوە و هاوێنەکانی کامێرای بەهێز کردووە بۆ دەربڕین.

لە ڕووی نواندنەوە فیلمەکە جارێکی تر بۆ سێیەم جار هەردوو ئەکتەر ئیماستۆن و وریان جۆسلینگ بە یەک دەگەیەنێتەوە، بەڵام وێڕای بە دەست هێنانی ئەو هەموو خەڵاتە دیسان ڕەخنەگرەکان وای بۆ دەچن کە نەیان توانییوە شتێکی نوێتر لە فیلمەکانی ڕابووردوویان ببەخشن.

بەڵام بینەران و ڕەخنەگرەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەو پرسیارەی کە هەمووان دەیکەن ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەو فیلمە ئەو هەموو دەنگۆ سەدا نێو دەوڵەتیە دێنێ کە گوێ بیستی دەبین و دەیبینین؟ دەکرێ وەک یەکەم فیلمی ئەو ساڵە ناو ببرێت ؟

ڕەخنەگرەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، بەڵێ فیلمەکە کەشو هەوایێکی ڕۆمانسی سرنج ڕاکێشی هەیە، بەڵام هەندێ هەڵە لە تێکستەکەی دا بەدی دەکرێت،کۆتایی فیلمەکە کۆتاییەکی نا لۆژیکیی نا دروستە، هەردوو پارچەی فیلمەکە لە یەک ئاست دانین،پارچەی یەکەمی لەوەی دووهەمیان بەهێزترە، هەڵوێستی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئۆسکار بە بەخشیینی ئەو هەموو خەڵاتە بە هۆی ئەوە بووە کە دەرهێنەر فیلمێکی موزیکی بە ستایلێکی کۆن دەرهێناوە، نەک بە هۆی نرخ و بەها هونەرییەکانی .

جۆنس ریال ـ ی ڕەخنەگر دەڵێت : زۆر نهێنی لە پاڵ سەرکەوتنی فیلمەکە دایە ئەویش ئەوەیە کە ئەو موزیکەی لە فیلمەکە گوێ بیستی دەبیت بێگومان کار دەکاتە سەر هەست و ناخی بینەرو دەیهەژێنێ .

ئەو سەما جوانانەی لە فیلمەکە نمایش دەکرێت خۆشییەکت پێ دەبەخشێت کە خەم و پەژارەی ژیانی ڕۆژانەت لە بیر باتەوە .

ئەو تێکەلاوەیەی لە نێوان کۆمێدیاو موزیک و سەما لە ڕێگەی بەرجەستە بوونییان لە لایەن ئەو ئەکتەرە بە توانایانە، تۆخمی وروژاندن لای بینەر دروست دەکات .

لە ڕووی دەروونییەوە فیلمەکە کەشو هەوایێکی وات بۆ دروست دەکات کە وەک هەندێ لە بینەران دەیانگوت خۆراکی ڕۆحە.

فەلسەفە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

ئەفلاتون و ئەرەستۆ دوو لە گەورەترین فەیلەسوفانی میژووی مرۆڤایەتی، قوتابیی سوکرات بوون. هەروەها چوار لە قوتابیانی دیکەی سوکرات چوار قوتابخانەی گەورەی فەلسەفەیان دامەزراند: "دیوجانس" قوتابخانەی "کەلبیان"، "زنو" قوتابخانەی"ڕەواقیەکان"، "ئەپیکوروس" قوتابخانەی "ئەپیکوری" و لە کۆتایی "پیرهو" کە دوایی بووە یەکێک لە سەربازانی ئەسکەندەری مەقدونی، لە هێرش بۆ سەر هیندستان، قوتابخانەی "شەکاکیەکان"ی دامەزراند. دەڵێن کە ئەو چوار قوتابخانەیە لە دەرەنجامی هەلومەرجی دژواری شکانی ئاسینا لە شەڕی ئاسپارت و بێهیوایی دوای ئەو، هەوڵدان بۆ خۆڕاگری سەختییەکانی ئەو و هەروەها بەدواداچوون بۆ هۆکاری شکانی سیستەمی دیموکراسی ئاسینا لە بەرامبەر سیستەمی میلیتاریزمی ئاسپارت و دۆزینەوەی ڕوانگەی نوێ لەگەڵ جیهانی بینی نوێ دروست بوون.

"ئەرەستۆ" باوەڕی بە سیستەمی چینایەتی هەبوو و لایەنگری لە سیستەمی پاشایەتی و یان حکومەتی ئاریستۆکراسی دەکرد. ئەرەستۆ باوەڕی بە سیاسەتێک لە بەڕێوەبردنی وڵات هەبوو ، کە دوایی بەناوی ماکیاڤیلی ناوبانگی دەرکرد. هەروەها ئەو لایەنگری لە میانەڕەوی دەکرد. ڕەنگە لە ژێر کاریگەری ئەو بوو، کە "ئەسکەندەر" لەو شوێنانەی سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، کوێڵەکانی ئازاد نەدەکرد، بگرە هەر ئەو دەسەڵاتدار و دەربەگەکانی پێشووی لە دەسەڵات دەهێشتەوە، باجەکانی لانەدەبرد و پەیمانی هاوپەیمانی و وەفاداری لێوەردەگرتن و داوای لێدەکردن وەفاداری حکومەتی ناوەند بن و باجی پێویست بدەن. خزمەتکارەکانی ئەسکەندەر لە جیاتی زمانلوسی، بیوونەوە ڕاوێژکار و ڕەخنەگرانی ئەو.

ئەسکەندەر لە هەرەتی لاوی کۆچی دوایی کردو و ئیمپراتۆریەتەکەی کە لە مەقدونیە تا هیندستان پان و بەرین ببووە، لە نێوان 3لە سەردارانی دابەش بوو. گۆڕانکاریەکانی دوای ئەوە، دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەمیشە لە یۆنان بۆ ڕۆم گواستەوە. ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، لە تەواوی دەسەڵاتەداریەتی چەند سەد ساڵەی خۆی، شتێکی لەسەر فەلسەفەی یۆنان زیاد نەکرد، بگرە بەکارهێنەری وەفاداری ئەو بوو. لە سەردەمی حکومەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دەکرێ ناوی کەسانێک وەکو "سیسرۆ"، "مارک ئەنتونی"، "مارکوس ئۆرالیوس" و "ژولیوس سزار" بهێنین، کە فەلسەفەی ڕۆمیان ڕێکوپێک کرد. لە دوای ئەوەی کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لێک هەڵوەشایەوە، دەسەڵاتی "کلێسا و قاتیکان" بەسەر ئەو سەرزەویانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆم بوون دەستپێدەکات.

"سیسرۆ" کە وەکو ئەفلاتون لە بنەماڵەیەکی دەرەبەگ بوو، لە یاسادانان و هزرمەندانی سیاسی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بوو، کە لە دوای ڕووخانی "ژولیوس سزار" کە هاوکات لەگەڵ ئەو دەژیا ، خوازیاری جۆرێک حکومەتی "کۆماری" لە "ڕۆم" بوو. ڕەنگە بکرێ بە پێی سەردەمی خۆی لەگەڵ "مونتسکیو" هەڵبسەنگێندرێ. سیسرۆ وەکو یاسادانەرێکی بەهێز بوو ، کە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە پشتگیری لێدەکرا، لایەنگری لە حکومەتی کۆماری دەکرد و وەکو فەلسەفەی ئەفلاتون خوازیاری جۆرێک هەڵبژاردنی نێو دەرەبەگەکان بوو.

لە بەرامبەر دیکتاتوریەتی ژولیوس سزار، ڕاوەستا بوو.

"ژولیوس سزار" لە هەلومەرجێکدا کە حکومەتی کۆماری دەرەبەگ و ئاریستۆکراس، یەکدەستی خۆی لەدەست دابوو و سیستەمی حکومەتی بەهێزی "ڕوم"یش، توانایی خۆی لەدەست دەدا، سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی توند لەگەڵ دەرەبەگە گەندەڵەکان، توانی بە زیرەکی سیاسی و بەتایبەت سەربازی، نە تەنیا یەکگرتوویی و هێزی سەربازی بۆ ڕوم بگەڕێنێتەوە، بگرە حکومەتی ئاریستۆکراسی ڕزمیش، کە بەناوی حکومەتی کۆماری لە بەرامبەر خۆی دەدی، جەلەوی بگرێت و بە دوای خۆی ڕابکێشێ. ئەو بە سەرکەوتنە سەربازیەکانی خۆی و بەهێزکردنی وڵات، کە بە قازانجی دەرەبەگە ئاریستۆکراسەکانیش بوو، بەڵام نەیاری زۆریشی لە نێو دەرەبەگەکان هەبوو، توانی حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنێ.

ژولیوس سزار حکومەتی خۆی ناونابوو سیستەمی دیکتاتوری تاکی، لەگەڵ هاودەستی و هاوڕێیەکی ئاریستۆکراسەکان، لەلایەک خوازیاری دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز و یەکدەست بوو لە وڵات، لەلایەکی دیکەش پاراستنی بەرژەوەندی "ڕۆم" و دەرەبەگەکان و پاککردنەوەی حکومەت لە گەندەڵی دەسەڵاتداران و دەرەبەگە گەندەڵەکان، کە لە بەڕێوەبردنی وڵات بێ هێز بوون، بە یارمەتی سەردارانی خۆی، وەکو "مارک ئەنتونی" سەرکەوتنی بەدەستهێنا ، بەڵام لە کۆتایی ژولیوس سزار تیرۆر کرا و لە دوایی دا قوناخێکی نوێ لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دەستپێدەکات. ڕەنگە بکرێ ئەو کە نزیکەی 1500ساڵ بەر لە ناپلیۆن ژیاوە.

حکومەتی "ڕوم" لە هەلومەرجێکدا کە دەرەبەگەکانی ڕۆم، بەناوی کۆماری دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو ، ئەو شێوە دەسەڵاتە زیاتر لە کۆماری ئەفلاتون وەرگیربوو ، لەلایەکی دیکەش ئەو سیستەمە حکومەتە، سیستەمێکی میلیتاریزمی بەهێز بوو ، کە لەسەر سوپا و پەروەردەکردنی سەرباز لە ڕۆمیەکان داکۆکی چەوساوەی کۆمەڵگە پێشوازی لێبکرێ و لە بەرامبەر گوشار و جیاوازی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری دەربەدەگ و دەسەڵاتداران ئارامیان بکاتەوە.

"مارکۆس ئورلیوس" لەو دەسەڵاتدارانە بوو ، کە خوازیاری هاوسەنگی سروشتی و هارمۆنیکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پاراستنی دەسەڵاتی تەواوی "ڕۆم" بوو ، کە بۆ سەردەمی خۆی وەکو هەناسەیەکی بچوکی ئازادی کۆمەڵایەتی ژ سیاسی هەژمار دەکرا. لە بەرامبەر سیسرۆ کە دەکرێ ئەو لەگەڵ مونتسکیۆ هەڵبسەنگێنین، دەشکرێ مارکۆس ئورلیوس لەگەڵ ژان ژاک ڕۆسۆ هەڵبسەنگێنین. ئەو دەیگوت دەسەڵات دەبێ بە هەموو تاکەکان یاسای بەرامبەری و ئازادی ڕادەربڕین بدات.

لە ڕۆژهەلات و هەمەدانی ئێران، کەسایەتییکی فەلسەفی بەناوی "مانی" لەو سەردەمەدا دەژیا. "مانی" کە خۆی پەیوەندی بە دەرەبەگەکانی ئەشکانی و ساسانی هەبوو و لە سەردەمی شاپوری یەکەم، کە دوای 150 ساڵ لە دوای لەدایکبوونی مەسیح، بانگەوازی پێغەمبەرایەتی دەکرد، خۆی لە ژێر کاریگەری مەسیحیەت دابوو. ئەو باوەڕی وابوو دەبێ واز لە دنیا و ماددە بهێنین و ڕەنج و سەختی بکێشین تا ڕوحی مرۆڤ پاک ببێتەوە ، لەو ڕێگەیەوە وەکو عیسا مەسیح خوازیاری ئارامبوونەوەی ڕوحی خەڵکی ژێردەست و خەڵکی ڕەنجکێش بوو ، کە دەبێ بەرهەمی دەستی خۆیان وەکو باج بە دەرەبەگ و پاشاکانی ساسانی بدابا ، خەرجی شەڕی پاشاکان بدەن و خۆیان و بنەماڵەکەشیان لە هەژاری و سەختیدا ژیان بەرنەسەر. لەو هەلومەرجەدا ئەوە خەڵکی هەژار بوو ، تەنانەت ئەگەری زەماوەندکردن و بنەماڵەیان بۆ پێکنەدەهێندرا، کچەکانیان نەسیبی دەرەبەگ و بنەماڵەکانی ساسانی دەبوو. مانی ڕایەسپارد، کە زەماوەند نەکەن و لەو ڕێگەوە خۆیان پاک بکەنەوە. ئەو لە سەفەرەکانی بۆ ڕۆژهەلات و هیندستان کەوتبووە ژێر کاریگەری بودا، کە بەشێک لە فێرکراوەکانی ئەو بریتی بوو لە سنوردارکردنی تایبەت بۆ پەیڕەوانی. بەو هۆیانەوە فێرکراوەکانی "مانی" لە ڕۆژهەلاتەوە تا ناوەندی ئەوروپا جێگەی خۆی کردبۆوە و نزیکەی 600ساڵ وەکو قوتابخانەیەکی بەرچاوی هزری دەدەوشایەوە. لە کۆتاییدا مانی لە تەمەنی 80 ساڵی لە زیندانی شاپوری دووەمی ساسانی گیانی لە دەستدا.







فستیڤاڵی ساڵانەی وەرزش لە هەولێری پایتەخت

دەروازەیەک بۆ هاتنە پێشەوەی توانای لاوان

ڕاپۆرت : عەبدولقادر کەڵهور

لە یاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری ، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، لە ڕێورەسمێکدا بە ئامادەبوونیوەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر پشتیوان صادق و پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی و کونسولی دەوڵەتی کوێت ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکومی و حزبی ، چەندین کەسایەتی وەرزشی عێراقی و کوردستانیی و جەماوەرێکی ئێجگار زۆر لەمامۆستایان و قوتابیان و وەرزش دۆستان کە بەزیاتر لە 10هەزار کەس مەزەندە دەکرا .. ڤیستیڤاڵی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی 2018-2019بەڕێوەچوو ، کە بە سەرپەرشتی هۆبەی چالاکی وەرزشی و دێدەوانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێرو بە هاوکاری قونسوڵخانەی دەوڵەتی کوێت لە هەولێر سازکرابوو.

سەرەتالە وتەیەکدا مامۆستا دلێر عەبدوللا حەسەن بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردو تێشکی خستە گرنگی ڤیستیڤاڵەکەوپیرۆزبایی لە قوتابیان کرد بۆ بەشداربیان لە ڤیستیڤاڵەکەدا و هیوای سەرکەوتنی بۆ هەموولایەک خواست ، دواتر داوای لە وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەو بۆنەوە وتەیەک پێشکەش بکات و دەستپێکردنی ڤیستیڤاڵەکە ڕابگەیەنێت. وەزیری پەروەردە، وێڕای دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی ڤیستیڤاڵەکە و پیرۆزبایی لە قوتابیان و مامۆستایان دەستپێکردنی ڤیستیڤاڵەکەی ڕاگەیاند.. دواتربەشداربووان سوێندی وەرزشیان دووپاتکردەوە و بەڵێنی بەشداربیکردنیان بە گیانێکی وەرزشی ڕاگەیاند.

دەستپێک قوتابخانە بەشداربووەکان ، لە کەرنەڤاڵێکی جوان و سەرنجڕاکێشدا بە شێوازی جۆراو جۆری کلتوری وەرزشی و شارستانی سەرنج ڕاکێش بەبەردەم ئامادەبووان و سەکۆی بەرپرسان و بەبەردەم ناوبژیوانان ڕێرەویان کرد. دوای ئەوە ململانێکانی گۆڕەپان و مەیدان لە یاریەکانی ڕاکردنی 100مەتر بەربەست و ڕاکردنی 100مەتر و 200مەترو 1500ی بازادنی بەرز و یەک بازو دووباز و سێ بازی و هەڵدانی رم و ساپ و تۆپی ئاسن بۆ کوڕان و کچان لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان دەستی پێکرد و قوتابیانی بەشدارىوو کەوتنە کێبڕکێ و ململانێی وەرزشی توند .. لە ئەنجامدا لە سەر ئاستی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی (7ژ 9) کچان، قوتابخانەی بێتواتەی بنەڕەتی کچان بە کۆکردنەوەی 19خاڵ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا .. قوتابخانەی حەسارۆک بنەڕەتی کچان بە کۆکردنەوەی 19خاڵ پلەی دووەمی بەدەستهێنا .. قوتابخانەی بەهاری کچان بە کۆکردنەوەی 18خاڵ پلەی سێیەمی بەدەستهێنا .

لەسەر ئاستی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی کوڕان (9- 7) .. قوتابخانەی سەربەستی کوڕان بە کۆکردنەوەی 24 خاڵ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.. قوتابخانەی شیاوی بنەڕەتی کوڕان بە کۆکردنەوەی 24خاڵ بە پلەی دووەم هات و قوتابخانەی مستەفا شەعبان بە کرکردنەوەی 21خال لە پلەی سێیەم هات ..

لەسەر ئاستی ئامادەییەکانی کچانیش ، ئامادەیی زەهرای کچان بە کۆکردنەوەی 62خاڵ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و کچانی ئامادەیی میدیا بە کۆکردنەوەی 25خاڵ پلەی دووەمیان بەدەستهێنا.. لە پلەی سێیەمیش کچانی ئامادەیی چناری کچان هات بە کۆکردنەوەی 24خاڵ ..

سەبارەت بە ملاملانێی ئامادەییەکانی کوڕانیش ، ئامادەیی ئەحمەدی خانی بەکۆکردنەوەی 59.5خاڵ توانیان پلەی یەکەم مسۆگەر بکەن ،، دوای ئەوانیش ئامادەیی هەولێری زانستی توانی 50.5 خاڵ کۆبکاتەوە بە پلەی دووەم بێت . پلەی سێیەمیش بووە بەشی ئامادەیی سەروەرانی کوڕان بە کۆکردنەوەی 39 خاڵ.

دوا بە دوای کۆتایی هاتنی ململانێ وەرزشیەکان خەڵات بەسەر براوەکان دابەشکرا.

ڕاهێنەری تۆتێنهام: دڵنیام فابیان بەئەنقەست نەیویستووە ئازاری کاین بدات

ماوریسیۆ پۆچیتینۆ ڕاهێنەری یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی سەبارەت بەیاریبیەکەیان بەرامبەر یانەی مان سیتی کە پێڕێ شەو توانیان لێیان ببەنەوە گوتی: ئەو شەوە شەویکی تایبەت بوو لە شەوانی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، تۆتێنهام بە ئاستیکی بەرز دەرکەوت، هیوامان زۆرە بتوانین لە پاڵێوراوی ئەو پاڵەوانێتییە بەینەوە، هەروەها گوتی: ئەگەرچی یاری چوونیان دۆڕاند، بەڵام ئێستاش یانەی مان سیتی پاڵێوراوێکی بەهێزە، بۆ بەدەستهێنانی ئەو نازناوە، بۆیە یاریی گەرانەوە زۆر زەحمەت دەبێت و لەسەرمانە لەو یارییەدا لە سەرەتاوە بەهەموو هێزمانەوە یاری بکەین. دواتر لەبارەی پیکانەکەی کاین گوتی: هەواڵێکی ناخۆشە بۆ ئێمە ، بەڵام دڵنیام فابیان بەئەنقەست نەیویستووە ئەو یاریزانە ئازار بدات، دڵنیاشم کە ئەو یاریزانە داوای لێبوردن لە کاین دەکات، هیوادارم زوو چاک بێتەوە.



سبەی پلیتی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا دەفرۆشرێت

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا وادەی فرۆشتنی پلیتی یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیای دیاریکرد، نرخی پلیتەکانیش هەریەکەو جۆرێکە.

وادەی فرۆشتنی پلیتەکانی ئەم کۆتاییە لەنێوان ڕۆژی هەینی داهاتوو 12ی ئەپرێل تا 16ی هەمان مانگ دەبێت، کە پلیتەکان بەنرخی جیاجیا دیاریکراوە کە نرخی هەر پلیتیک لە 55یورۆ دەستپێدەکات تا دەگاتە 180یورۆ.



مەحەمەد سەڵاح: بەردەوام بیر لە گۆڵ تۆمارکردن دەکەمەوە

مەحەمەد سەڵاح، یاریزانی هەڵبژاردەی میسر و یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، دانی بەوەنا کەوا بەردەوام بیر لە تۆمارکردنی گۆڵ دەکاتەوە، دوای ئەوەی گۆڵی دووەمی یانەکەی لە بەرانبەر یانەی ساوسهامبتۆن، لە پرێمەرلیگ تۆمارکرد. سەڵاح لەمبارەیەوە لێدوانی بۆ کەناڵی سکای سپۆرتس دا و وتی:"هەموو هێرشبەرێک پێویستی بە گۆڵ تۆمارکردنە ، بەردەوام بیر لە گۆڵ تۆمارکردن دەکەمەوە، چونکە پیشەی هێرشبەر تۆمارکردنی گۆڵە". لەلایەن خۆشییەوە، یۆرگن کلۆپ، ڕاهێنەری لیڤەرپوول، دڵخۆشی خۆی بە گۆڵەکەی سەلاح دەربڕی و وتی:"هەرگیز گومانم لەوە نەبووە، سەلاح یاریزانێکی نایابە، گۆڵەکەی زۆر جوان بوو ، ئەو گەیشتە گۆڵی ژمارە 50، ئەوەش کارێکی ناوازەیە". کلۆپ دووپاتیشی کردەوە:"سەلاح بەردەوام لە هەوڵدان دایە ، ئەو ماوەیەی گۆڵی تۆمار نەدەکرد، کاریگەریی بەسەرییەوە نەبوو ، بۆیە گۆڵی یەکەم دوای ماوەیەک دابڕان، تامێکی تایبەتی دەبێت". شیاوی باسکردنە، محەمەد سەلاح، دوای تێپەڕبوونی 8یاری، بەرژۆوبوونی لە گۆڵ تۆمارکردن شکاند، دوای ئەوەی لە گەڕی 33خولی یانەکانی ئینگلتەرا، گۆڵی دووەمی یانەکەی لە گۆڵی ساوسهامبتۆن تۆمارکرد، بەمەش کۆی گۆڵەکانی لەگەڵ سوورپۆشەکان گەیاندە 50گۆڵ لە 69یاری و ، بووە خێراترین یاریزان لە مێژووی یانەکەدا، ئەوەندە گۆڵە لەوەندە یاریبەدا تۆمار بکات.

ڕەمزی میرەکانی

سەرۆکی ریال بەشێوازی بەرشلۆنە سەرسامە



ئەوەی لە ریال مەدرید دەبینرێت ئەوەیە کە فلۆرینتۆ پیریزی سەرۆک دەیەوێ ئەو یانەیە بەبەهێزیی جێبەهێڵێت، بەتایبەتیش کاتیک ڕاهێنەرێکی بەتوانای دەبێت، هەر بۆیەش پیریز دەرفەت بە ئەستێرەکانی یانەکەی دەدات بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ببنە ڕاهێنەری بەتوانا و یانەی شاهانە سوود لەو توانایەیان وەرگرێت، ئەمەش بەکردەوە تاقی کراوەتەوە، لەوانە زێدان، سۆلاری، کە ئێستاش ئەو دەرفەتە بە ئەلۆنسۆ و ڕائۆل دراوە، ڕائۆل ڕاهینەری کاستیایە و ئەوەی تریش ڕاهینەری تیپی لاوانە.

فلۆرینتۆ پیریز دەیەوێ لاوەکان پیبگەیەنێت بۆ ڕیزی پێشەوە، هەروەها سەرسامە بە پرۆژەی بەرشلۆنە، کە ماوەیەکی زۆرە ئەو شیوازە پەیڕەو دەکات، کە ڕاهێنەرەکانیان هەر هەموویان لە یانەکەی خۆیان بێت، کە ئەمەش بڕواپێدانە بە لاوەکان و دواتریش سوود وەرگرتن لە تواناکانیان.

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/4/11 ژمارە (5728)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

گراندماستەرێکی ڕووسی لە دیدارێکی خەباتدا

ئەلینا بیقۆل:

شانازی بەوە دەکەم پینج جار پاڵەوانی ڕووسیا و ئەورووپا و جیهان بوویمە





دیمانە: هاوار مورتکەیی

ئەلینا بایڤۆل Alina Bivolکچە شەترەنجبازی ڕووسی تەمەن 23ساڵ خاوەنی چەندین نازناوی گەورەیە لە ئاستی ڕووسیا و ئەورووپا و تەنانەت لە پاڵەوانێتی جیهانیش، لەپاڵ هەموو ئەمانەش ئەو هونەرمەندێکی دیاری ڕووسیایە، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەوکچە شەترەنجبازانە لەبارەی دەسکەوت و ژیانی وەرزشی ئەنجام داوە و تیایدا تیشکی خستۆتە سەر سەرەتای ئاوێتەبوونی بەشەترەنج و هەروەها کاریگەریی ئەو وەرزشە لەسەر ژیانی.

حەزم لەیاریی بیرکردنەوە

ئەلینا بایۆڤلی هەڵگری گراندماستەری ئافرەتان لە سەرەتادا گوتی: لە ساڵی 1996لە ناوچەی دیمترۆڤی مۆسکۆ لە دایک بووم، ئێستا قوتابیمە لە پەیمانگای ڕۆشنبیری حکومی، کە پەیوەستە بە میوزیک، ئێرا، زۆر حەزم لە بایەخدانە بە یاریی بیرکردنەوە، چونکە میشکی مرۆڤ چالاک دەکات، بۆ وەرزشی جەستەش ئەوا یاری تۆپی پێش دەکەم، بۆیە ڕاهینانی جەستەش بەڵای منەوە بەشێکە لە ژیان، برا گەورەکەم شەترەنجی زۆر خۆش دەویست، هەمیشە دایکمی فێردەکرد و دەیویست شەترەنج فێربێت، ئەمە وای لەمن کرد کە ئەو یارییەم خۆش بوێت، بەشیوەیەک سەرسام بووم کە دواجار داوام لێکرد بمباتە ئەو یانەیەی کە ئەو یاری بۆ دەکات.

سەرەتایەکی خراپ

هەورەها ئەلینای ڕووسی سەبارەت بەیەکمین بەشداریی گوتی: ئەگەر باس لەیەکەم بەشداریکردنم بکەم پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێم کە سەرەتایەکی باش نەبوو، کاتێک تەمەنم تەنها 5ساڵ بوو چوومە سان بترسبۆرگ و بەشداریم لە پاڵەوانێتییەکدا کرد، بەشداربووان هەموویان لەمن گەورەتر بوون، هەروەها ئاستیشیان زۆر بەرز بوو، لەگەڵ ئەوەش پلەی سێیەمم لەئاستی کچان بەدەست هێنا، بەڵام هیچ میدالیایەکیان نەدامێ، ئەمە زۆر نارەحەتی کردم، دوای 5ساڵ لەو بەشداریکردنەم، لە ساڵی 1996یەکەمین بەشداریم لە ئاستی جیهانی، بەشداریکردن بوو لە پاڵەوانێتی ئەورووپای کچان بۆ خوار 10ساڵی، خۆشبەختانە توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، کە ئەمەش دەستپێکێکی باش بوو بۆ من.

پاڵەوانی ڕوسیا و جیهان

دواتر لەبارەی دەسکەوتەکانی لەماوەی کاروانی وەرزشی کە تائێستا بەردەوامە گوتی: تا ئێستا 3جار پاڵەوانی ڕووسیا بوویمە، لە ساڵانی 2006, 2012, 2015,هەروەها لەئاستی خوار 18ساڵیش پاڵەوانی ئەورووپا بوو لە شەترەنجی خێرا، لە پاڵەوانێتی ئەم دواییەی جیهانیش بۆ لاوانی کچان توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم، هەروەها لە ساڵی 2018پاڵەوانێتی ڕووسیام بەدەستهێنا لەسەر ئاستی کچان، لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە هاوکارم بوونە لەم دەسکەوتانەی بەدەستم هێناون، بەتایبەتیش ڕاهێنەرەکەم Ya-roslav Prizant?کە ئێستاش بەردەوامم لەگەڵی، هەورەها سوپاسی باوک و براکەم دەکەم، کە پشتیوانم بوونە لەم کاروانەی ژیانم.

هێشتا خەونم نەهاتۆتەدی

هەروەها ئایلینی ڕووسی گوتی: سەرباری ئەوەی کە خاوەنی بڕوانامەی WGMم بەڵام هێشتا پێم وایە خەونەکەم نەهاتۆتەدی، هاتنەدی خەونەکان وا بەئاسانی نایەنەدی، پێویستی بەچەند ساڵ کۆشش هەیە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئێستا لەو ڕێگایەم کەپێم وایە هێشتا سەرەتایە، زۆر ڕێز لە یاری شەترەنج دەگرم، لەبەر ئەوەی چەندین هاوڕێی پێ بەخشیوم، خەڵکم ناسیوە، سەردانی چەندین وڵاتی جیهانم کردووە، بە کلتوری گەلانی سەر ئەم زەمینە بەرینە ئاشنا بووم، هەموو ئەمانە لەڕێگای شەترەنجەوە بووە، بۆیە وەک پیشە سەیری ئەو یاریبە دەکەم، هێشتا دەرفەتم زۆر لەپێشە، شەترەنج بۆ من مانای ژیان دەگەیەنێت، هیچ کات وەک ئارەزوویەک سەیری ناکەم، بەڵکو وەک دەرفەتی پیشەیی سەیرم کردووە.

شەترەنج بەڕێگایەکی دروستدا دەڕوا

لە کۆتاییدا ئەلینا بایۆڤلی کچە پاڵەوانی ڕووسی گوتی: ڕەنگە لە ڕووی دەسکەوتەوە خاوەن ژمارەیک بم، بەڵام هیچ کات نەمهێشتووە ئەمە غرورم بکات، زۆر کارم لەپێشە بۆ ئەوەی شاستی خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم و خۆم بەهیزتر بکەم، بۆ ئەوەی ببم بەباشترین، بەتایبەتیش کەدەبینم ئێستا وەرزشی شەترەنج لەسەر ڕێگایەکی دروستدا دەڕوات، ڕووسیا دەرفەتی باشیرەخساندووە بۆ ئەوەی ببی بەباشترین، ئەوەی زۆر دڵخۆشم دەکات دەبینم ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەمنداڵانی ڕووسیا فێری شەترەنج دەکرێن، ئەمانە نیشانەیەکی زۆر باشە کە شەترەنجی ڕووسیا لەلووتکەدا بێت لەداهاتوویەکی نزیکدا.



لەخولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا:

یانەکانی چۆمان و زانکۆی جیهان و سیروانی نوێ لەسەرکەوتن بەردەوامن



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و لە هەفتەی پێنجەمی خولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا، سێشەمەی ڕابردوو لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان سێ یاری گرنگ ئەنجام دران، لەوانە لەلەشاری هەولێر ولەزانکۆی جیهان، هەردوو تیپی کچانی ئافرەتانی هەولێر وچۆمان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کچانی چۆمان بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەئەزموون وبەتوانا مەزن محەمەد ئەم وەرزە یارییەکانیان لەخولی فووتسالّ ئەنجام دەدەن، لەیارییەکەدا چۆمان توانی بەئەنجامێکی گەورە لەئافرەتانی هەولێر بباتەوە و 3خاڵی گرینگی خستە سەر خاڵەکانی خۆی، ئەنجامی یارییەکە لەبەرژەوەندی کچانی چۆمان بە6-2 گۆڵ بەکۆتایی هات، بەم بردنەوەیە کچانی چۆمان لەکۆی چوار یاری 9خاڵی هەیە و لەپلەی سێیەمی ڕێزبەندی گروپی یەکەم دەبیندرێت.

لەلایەکی دیکەوە یاری نێوان پیرەمەگروون و سیروانی نوێ لەبەرژەوەندی کچانی سیروانی نوێ کۆتایی هات ، دوای ئەوەی کچانی سیروانی نوێ توانیان بەئەنجامی 11-1گۆڵ لەتیپی کچانی پیرەمەگروون ببەنەوە و 3 خاڵی گرینگی یارییەکە لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر کرد، هەروەها یاری نێوان زانکۆی جیهان و سەورە بەبردنەوەی زانکۆی جیهان بەکۆتایی هات، دوای ئەوەی کچانی زانکۆی جیهان توانیان یارییەکە بەئەنجامی 8-4گۆڵ لەکچانی سەورە ببەنەوە و 3خاڵی زێرینی لە یارییەکە دەستەبەرکرد.

ڕێزبەندی گروپی یەکەمی خولەکە تاگەڕی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

گروپی یەکەم: 1-سیروانی نوێ 15خاڵ 2-زانکۆی جیهان 12خاڵ 3-چۆمان 12خاڵ.



شتیگن: خواکین لەگەڵت دەجەنگین

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تووشبوونی خواکین کاباڕۆس ڕاهێنەری ئیشبیلیە بە نەخۆشی شێرپەنجە، لێرەو لەوێ وەرزشوانان لە ئاستە جیاجیاکاندا هاوسۆزی و پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو ڕاهێنەرە دووپات دەکەنەوە. شتیگنی گۆڵچی یانەیە بەرشلۆنە دوای بیستنی هەواڵەکە لە سەر زاری خوودی ئەو ڕاهێنەرەوە، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تویتەر –پۆستێکی لەبارەی ئەو هەواڵە ناخۆشەوە بڵاوکردۆتەوە، شتیگن لە پۆستەکەیدا نوسیویەتی: خواکین لەگەڵت دەجەنگین.

دیرفیلد دەیەوێ سنوورێک بۆمانەوەی لە تۆتینهام دیاری بکات

یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی جاریکی تر هەوڵەکانی خۆی بەگەڕ خستەوە لە بایەخدانی توبی دیرفیلدی بەرگریکاری یانەی تۆتنهام هۆتسپێر، بۆ ئەوەی لە گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوودا بیباتە ڕیزەکانیەوە.

ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا بڵاویان کردەوە کە ئەو یاریزانە دەیەوێت سنوورێک بۆ مانەوەی لە تۆتینهام دیاری بکات کە ماوەی چوار ساڵە لەو یانەیەدا یاری دەکات، ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە یانەی مان یونایتد دەستی بە گفتوگۆ کردووە لەگەڵ بەرپرسانی تۆتینهام، بۆ ئەمەش بڕی 25ملیۆن جونەیهی ئیسترلینیان دیاریکردووە لەخالەتی ڕازیبوونی ئەو یاریزانە لە چوونی بۆ یانەی مان یونایتد.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 11. Apr. 2019 No: (5728)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دوای 15ساڵ ژیان لە ئەورووپا گەڕامەوە باوەشی خاکی کوردستانم

هونەرمەند سەربەست زاخۆیی: هونەری کوردی بە گشتی لاوازبووە لەبەر ئەوەی زۆربەی هونەرمەندانمان لاسایی هونەری بیانی دەکەنەوە



دێرانە: موسلیم دزڵەمەری


زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە وەک سەربازی ون خزمەتی زۆریان بە گەل و وڵاتەکەیان کردووە بە هونەرەکەیان و بەڵام کە وەک خۆیان دەڵێن کەس هاوکاریان ناکات بۆ ئەوەی بتوانین زیاترو باشتر خزمەت بە گەل و وڵاتمان بکەین بە هونەرەکەمان... سەربەست زاخۆیی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خزمەتی زۆرو هاوکاری کەمی کراوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە خزمەتی هونەری خۆی کە خۆشی بەم شێوەیە بۆ خەبات دوواو گوتی: من سەربەست محەمەد یوسف دانیشتووی زاخۆم لە ساڵی 1986 دەستم بە کاری هونەری کردووە وەک موزیکژەنین.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی گوتی : من تاکو ئێستا 11 تراک گۆرانیم گوتوەو هەروەها چوار کلیپی ئەڤینیم هەیەو چوار کلیپیشم لە سەر نەورۆزو پێشمەرگە قارەمانەکان گوتوە کە هەموشیان لە پەیڤ و ئاوازی خۆمن.

سەبارەت بە شێوازو ستایلی هونەرەکەشی گوتی : هونەرو بەرهەمەکانم هەمەجۆرن وەک ئەڤینی دایک و وڵات دیرۆکی و شتی تر

سەبارەت بە هونەری ئەمڕۆی کوردستان گوتی : پێموایە هونەری ئەمڕۆی کوردی بە گشتی لاواز بووە لە بەرئەوەی زۆربەی هونەرمەندانمان لاسایی هونەری بیانی دەکەنەوە و هەروەها بە بەکارهێنانی موزیکی بیانی لە بەرهەمەکانیان موزیک و هونەری کوردی بەرەو تاریکی دەبەن. سەبارەت بە ژیانی هەندەران و گەڕانەوەی بۆ کوردستان گوتی : بەڵێ من پازدە ساڵ لە ئەورووپا ژیاوم لەوێ کاری هونەری و موزیکم دەکردو گرووپێکی هونەری کوردیم لەوێ هەبوو کە بەردەوام بەشداری ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و کارە هونەریەکان بووین و سااڵنێکیش لە کوردستانی باکور ژیاوم و کاری هونەریم کردووە بەڵام لەبەر هەندێ بواری تایبەت بە تایبەتی نالەباری باری تەندروستیم گەڕامەوە باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستان.

سەبارەت بە بەرهەمی نوێی خۆی گوتی : ئێستا بەرهەمێکی 10تراکیم لەبەردەستایە بەڵام لەبەر خراپی باری دارایی و نەبوونی هاوکاری لەیەن لایەنی پەیوەندار نەمتوانیوە بەرهەمەکەم بخەمە بەردەستی هەوادارانم بۆیە بەدەرفەتی دەزانم لە ڕێگای ڕۆژنامەکەتانەوە داوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بکەم کە هاوکاری هونەرمەندان بکەن بە بێ جیاوازی و یەکسانی بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر پەرە بە هونەرەکەمان بدەین و زیاتر خزمەتی گەل و خاکمان بکەین بە هونەرەکەمان.





بڵاوکراوەی نوێ

(خەونمان بۆ زستان دی) و (تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی..)

لەم ڕۆژانەدا دوو بەرهەمی شاعیر و نووسەر و سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەکەمان نەژاد عەزیز سورمێ بڵاوبوونەوە کە:

* کتێبی یەکەم/ بەناوی (خەونمان بۆ زستان دی) شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە، بە 256لاپەڕە و قەبارەیەکی بچووک و بەرگێکی قەشەنگ کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کە لە لایەن نەژاد عەزیز شسرمێ کراوەتە کوردی، وەرگێڕ پێشتریش چەند دەقێکی دیکەی شیعریی وەرگێڕاوە، بۆیە لە بەرایی کتێبەکەدا دەڵێ:"لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە وەرگێڕانی ئەم هەڵبژاردەیەش بێ پێشینە بووە، واتە تێکستەکان لە خۆیاندا ئەنگیزە بوون، پاش خوێندنەوەیان خوولیای کارلێکردنیان دایساوە، دیارە پێم خۆش دەبێ ئەگەر لە وەرگێڕانیاندا توانییێتم ڕۆح و دونیابینی شاعیرەکان و شیعرییەتی تێکستەکان بپارێزم". بەرگ لەلایەن وەرگێڕ وکاری کۆمپیوتەر کاروان محەمەد سینۆ.

* کتێبی دووەم/ بەناوی (تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی..) بە 160لاپەڕە و قەبارەیەکی بچووک و بەرگێکی قەشەنگ کەوتە بەر دیدی خوێنەران، بەرگ (کۆلاژ) لەلایەن شاعیر خۆیەوە، کاری کۆمپیوتەر کاروان محەمەد سینۆ.

شایانی باسە هەردوو کتێبەکە لە چاپخانەی تاران چاپ کراوە، دەستخۆشی لە شاعیر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

خۆم پێ هونەرمەند نەبووە، بەڵکو هونەر لەخۆم بەگەورەتر دەبینم

سالار نەورۆز: هونەری کوردی پێویستی بەگۆڕانکاری و نوێگەرییەکی کوردانە هەیە





توانا زرار

هونەرمەند سالار نەورۆز، پاش حەوت ساڵ بێدەنگی و نەبوونی هیچ کارێکی هونەری جارێکی دیکە دەیەوێت لەڕێگەی بەرهەمی نوێووە بێتەوە مەیدانی هونەری، بۆ ئەوەش دەڵێت: پاش حەوت ساڵ دابڕانم لەهونەر خۆشبەختانە توانیم بەرهەمێک تۆمار بکەم. هەروەها دەڵێت : لەو دابڕانەم زۆر شت هەبوون فێربووم و زانیم ڕاستە دوور لەپرۆقەو دوور لەهاوڕێیان بوومە.بەڵام زۆر جار ئاوا باشترە .

لەم سۆنگەیەوە بۆم دیارکەوت هونەرکردن وەک کورسی دەسەڵاتە بەرامبەر بیسەر و بینەر .هەروەها دەشڵێت : بەبڕوای من گۆڕەپانی ئێستای هونەری کوردی پێویستی بەگۆڕانکاری و نوێگەرییەکی کوردانە و پڕ لەڕەسەنایەتی هەیە . لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە جێگەی داخە بەهۆی کۆمەڵێک کار و بەناو بەرهەمی هونەری حراپ گوێگرەکانمان زۆربەیان گوێچکەکانیان شتی هەڵەی وەرگرتیە، کە ئەمەش جێگەی داخە.دەشڵێت: ئەوەی ئێستا پێویستە بکرێت گۆڕانکاری ریشەی لاسایی بێگانەیە. هەندێک کار کراوە بەڕاستی هەیە بەهەڵەدابردووە . هەروەها دەڵێت : لەساڵانی رابردوو هەستمان دەکرد نوێگەری لەهونەردا هەیە، بەڵام دیسان ئەوکاتیش گلەیی هەبووە . زۆربەی ئەوکارانەی کراوە ئێستا لەوسەردەمە هەموومان تانەو حەسوودی مەرجە زۆر بەوداخەوەم.

لەهونەری بێگانە گوێ لێبووە، نازانم نهێنی خۆشی ئەم بەرهەمانە چین کە تەقلیدن؟ زۆر لەهاوڕێیان و دڵسۆزانم زۆر گلەیی بەردەوامیان لێم کرد ،، چونکە ئەیانگووت تۆ دەنگێکی جودات هەیە دەتوانی ئەم ڕەوشەی هونەرییە پێویستی بەچەند گۆرانی بێژی وەک تۆ هەیە .. منیش هەمیشە خۆم پێ هونەرمەند نەبووە. چونکە هونەر زۆر بەگەورەتر دەبینم. ئەگەر ئەم ناسنامەیەم پێ ببەخشرێت واتای زۆر هەڵەگرێت بۆم شانازییە . ئاماژە بەوەش دەدات ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت لەگۆڕەپانی هونەردا جێگای داخە!چونکە دەنگ مەرج نییە پارە مەرجە. ئەدەب مەرج نییە پێشبڕکێی

زەکەریا عەبدوڵڵا.. بەگۆرانی نازە یادەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە

توانا زرار: هونەرمەندی گۆرانیبێژ زەکەریا عەبدوڵڵا، دوای ماوەیەکی زۆر لەبێدەنگی و نەبوونی هیچ هەواڵێکی هونەری ، لەناوەڕاستی مانگی رابردوو ڤیدیۆیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە لەکاتی ئامادەکردنی یەکێک لەگۆرانییەکانیدا تۆمارکراوە گۆرانی نازە دەڵێت ، کە یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبوومی دایە.زەکەریا عەبدوڵڵا، لە لاپەڕەی تایبەت خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەک بیرەوەرییەک، گرتە ڤیدیۆیەکی خۆی بڵاوکردووەتەوە لەکاتی خۆ ئامادەکارییە بۆ یەکێک لەبەرهەمەکانیدا. جێی ئاماژەپێدانە لەڤیدیۆییەکەدا زەکەریا عەبدوڵڵا دەردەکەوێت گۆرانی (نازە) دەڵێت، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکدا نوسیوویەتی گەڕانەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠.بڵاوکردنەوەی ئەم گرتە ڤیدیۆییە لەکاتێکدایە، ماوەیەکی زۆرە تەنانەت هیچ بەرهەمێکی هونەری نییە.دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ڤیدیۆ سێ خولەکییە هەواداران و گوێگرانی داوایان لێکردووە دووبارە وەک ئەوسا بێتەوە مەیدانی هونەری و بەبەرهەمی تازە گوێچکەیان پڕبکاتەوە.زەکەریا عەبدوڵڵا یەکێکە لە هونەرمەندە دیار و بەناوبانگەکان ،لەسەرەتای ساڵانی دوو هەزارەکانەوە توانی بەچەند بەرهەمێک لەوسادا هەوادارێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام چەندین ساڵە هیچ بەرهەمێکی هونەریی نوێی بڵاونەکردووەتەوە.

بەهاڕاوی چەوەندەر قژ ڕووتانەوە چارەسەر بکە



لەفارسیەوە : وریشە عومەر

چەوەندەر یەکێکە لەدیارترین جۆری سەوزەکان کەهاندەری تەندروستی لەش و پێست و قژە بەوپێیەی ڕێژەیەکی زۆری ڤیتامین و ڕەگەزە خۆراکییەکانی تێدایە وەک بێتا کارۆتین و ڤیتامین بی و ماده دژە ئۆکسانەکان و فسفۆر و مس و کالیسیۆم و پۆتاسیۆم. بەپێی زانیارییەکانی گۆڤاری تەندروستی دکتۆر سەلام دەکرێ هاڕاوی چەوەندەر بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەری چەندین نەخۆشیی و خۆپاراستن لێی. لەتوێژینەوەکە هێما بۆچەندین سودی دیکەی هاڕاوەی چەوەندەردراوە لەوانە: هاندەری پاراستنی جوانی پێست و چرچی و پەڵەی ڕەش ناهێڵێت ،وە ڕێگرە لەدەرکەوتنی گرفتەکانی تێکچوونی ڕووخساری کۆرپەلە بەهۆی بونی ڕێژەیەکی زۆری فۆلیک ئەسیدەوە ،هەروەها هاندەری باشترکردنی هێزی ماسولکەکان و جومگەکانە، وە ڕێژەی شەکر لەخوێندا ڕێکدەخات بەوپێیە بەسودە بۆ نەخۆشی شەکرە و ڕێژەیەکی زۆری پۆتاسیۆم و کانزاکانی تری تێدایە کەهاندەری ڕێکخستنی ئاستی گوشاری خوێنەوە و دڵ و مولولەکانی خوێن دەپارێزێت لەمەترسی توشبون بەڕەقبونی خوێنبەرەکان.گۆڤارەکە بەدەست هێناو بەکارهێنانی هاڕاوەکەی بەم جۆرە خستبووە ڕوو: (4) چەوەندەر بشۆرەوە و تۆپکڵی بکە و لەتی بچوک بچوکی کە ،ئینجا (1) ڕۆژی تەواو لەشوێنێک دابنێ کەهەواگۆڕکێی زۆر باش بێت ،پاشان بیهاڕە وبیکەرە هاڕاوێکی نەرم و بیخە قاپێک دوور لەشێ و ڕووناکی دابنێ،ئینجا بەکاری بهێنن.